

## حەسەن جاف:

## کتێبێک بە دڵی خۆم نەبێ وەری ناگێڕم.. لە ڕۆژنامەگەریی کوردیشدا پاشاگەردانییەکی بێتام هەیە.

هەڤپەیڤین: ئازاد عەبدولواحید

(٣ - ٤)

* حەسەن عەباس بەهرام جاف، کە لەناو خەڵکیدا بە حەسەن جاف ناسراوە، کۆمەڵێک چیرۆک و هەندێ نۆڤلێت و ڕۆمانی نووسیوە، نووسەر، ڕۆژنامەنووس، وەرگێڕ، ڕەخنەگر و لێکۆلەر بووە. کەسێکی نەتەوەیی و کوردپەروەر، کوردێکی سادەلەوح و خاکەڕا، عاشق و دێوانەی کوردستان بوو، تا ئەم ساڵانەی دوایی (واتە پێش مردنی)، هەمیشە کەسێکی پاکوتەمیز و ڕێکپۆش دەهاتە بەرچاو، پۆشتە و پەرداخ و ڕیشتاشراو، چاکەت و پانتۆڵی لەبەر دەکرد و بۆینباخی دەبەست، قژێکی خاو و پڕی هەبوو، کەسێک بوو هەمیشە بە دەنگ و تۆنێکی بەرز قسەی دەکرد، کە گەرم دەبوو، خێراخێرا وشەکان وەک بەڕوو لە دەمی دەردەپەڕین و دەتەقینەوە، هەرچەندە لەوەتەی دیومە و ناسیومە، قەت ڕۆژێ لە ڕۆژان بە جلی کوردییەوە نەکەوتووەتە پێش چاوم، بەڵام وەک کەسێکی دڵسۆز و خەمخۆری کورد و داکۆکیکار لە کوردستان و نەتەوەکەی و شارەکەی دەردەکەوت.

* حەسەن جاف، بە ڕەچەڵەک کوڕی کەرکوکە، لە گەڕەکی (ئازادی) و (تەپەی مەلا) فامی کردووەتەوە و منداڵیی خۆی بەسەر بردووە، شاری کەرکووکی زۆر خۆش دەویست، زیاتر وەک ڕۆژنامەنووس و نووسەر و وەرگێڕێکی کەرکووکی دەناسرا، چونکە کەرکووکییەکی ڕەسەن بوو، کەرکووک و ڕۆحاوی کەرکووک، بە ناو ناخ و دڵ و دەروون و گیانیدا چۆڕابوونەوە و چووبوونە خوارێ. ئەو زۆرجار بۆی دەگێڕامەوە چۆن منداڵیی خۆی لە گەڕەکەکانی ئازادی و تەپەی عەبدوڵڵا بەسەر بردووە، بۆی باس

دەکردم، چەند ژیانێکی پڕ دەردەسەری ژیاوە و چۆن گەورە بووە، یان چەند منداڵییەکی بریندار و پڕ ئازاری گوزەراندووە، خۆی دەیگوت بە منداڵی، تا گەورەش بووە خراپترین ژیانی هەبووە. جارێ لە تەمەنی (٨) مانگیدا دایکی کۆچی دوایی کردووە، دوای (٤) ساڵ، باوکی ژنی هێناوەتەوە، ئەو ژنەی لە پیاوێکی دی، دوو کچی هەبووە، بۆیە دەڵێ ئەگەر خەڵکی باوەژنێکی هەبووبێ، ئەوە من (٣) باوەژنم هەبوو، هەرچەندە باوەژنەکەی زۆر لەگەڵی خراپ بووە، بەڵام دەڵێ لەوەدا بەختم هەبوو کە کچە گەورەکەی ئەو باوەژنەی لەگەڵی باش بووە.

* کاتێک باوکی کۆچی دوایی کردووە، لە پۆلی (٤)ی سەرەتایی بووە، بۆیە کەوتووەتە لای نەنکییەوە، ئیدی ئەو نەنکەی بە چەرمەسەری و مەمرە و مەژی، بە نانکەریی ماڵان بەخێوی کردووە، وەرە تۆ لەو ژیانە سەختەدا بژی، بە نەبوونی و کولەمەرگی ژیانت بەسەر ببەیت، لەولاشەوە لە تەمەنی لاوێتیدا تووشی شێرپەنجە بیت، ئەگەر بەرانبەر بەو دەردە نەگریسە خۆڕاگر و کەللەڕەق و عیناد نەبوایە، ورەبەرز و گیانی ئالەنگاری و تەحەدای تێدا نەبوایە، ئەوە قەت نەیدەتوانی بەسەر نەخۆشییەکەیدا زاڵ بێ و هەرگیز لەو زۆرانگرتنەدا بەسەریدا سەرنەدەکەوت، ئەی ئەوە بەدبەختی نەبێ، نەگبەتی چۆنە؟ سەرەڕای هەژاری و دەستکورتی و بێ دایک و باوکی، تووشی ئەو نەخۆشییە مەترسیدارە بیت و بە سەلامەتی لێی دەرچیت.

* گوتمان نەنکی بە نانکەریی ماڵان بەخێوی کردووە، ئەو نەنکەی بەو نەخوێندەوارییەی خۆیەوە، بەو هەموو ئەرکەی لەسەر شانی بووە و لە پێناوی نەوەکەی کێشاویەتی، کەچی زۆر حەزی کردووە مەکتەبە گەورەکە، کە مەبەستی لە زانکۆ بووە، لە بەغدا تەواو بکات، بۆیە وێڕای هەژاری و دەستکورتی و بە هاندانی ئەو نەنکەی



**ئازاد عەبدولواحید ــ حەسەن جاف**

کە وەک خدری زیندە بۆی پەیدا بووە، بە نەبوونی و نەخۆشی، دەستبەرداری خوێندنەکەی نەبووە، ئافەرین، هەزار جار ئافەرین بۆ ئەو نەنکەی کە تا تەواوکردنی (مەکتەبە گەورەکە)، پشتیوانی بووە و کۆڵی نەداوە، قەت ڕۆژێ لە ڕۆژان گوێی لە قسەی کەس نەگرتووە و پشتی نەوەکەی بەرنەداوە، هەچەندە زۆر کەس سەریان کردووەتە سەری کە با نەوەکەت واز لە خوێندن بهێنێ و خەریکی کار و کاسبی، یان فێری سنعاتێک بێ، بەڵام ئەو نەنکەی قسەی ئەوانە نەچووە بە گوێیدا و لەسەر قسەی خۆی مکووڕ بووە کە هەر دەبێ مەکتەبە گەورەکە تەواو بکات.

* حەسەن جاف، سەرەتا لە کەرکووک خوێندنی سەرەتایی، لە قوتابخانەی (خالیدیە) بە زمانی عەرەبی خوێندووە، دواتر چووەتە ناوەندیی موسەڵڵا و (٥)ی سانەوی (دوا ناوەندی) لەو قوتابخانەیەدا تەواو کردووە، چونکە ئەوسا لە جیاتی (٦) ساڵ، بە (٥) ساڵ سانەوی دەخوێنرا و تەواو دەبوو، بۆ خوێندنەکەشی هەر بەپێ لە کەرکووکەوە چووەتە (بەشیر)، لەوێ نان و ماستاو، یان نان و چایەکی خواردووە، بەو کولەمەرگییە (٥)ی سانەوی تەواو کردووە و چووەتە زانکۆ و لە بەغدا درێژەی بە خوێندنەکەی خۆی داوە، دواجار مراز و خەونی

نەنکی هێناوەتە دی، هەرچەندە ئەو دوو خاڵی هەبووە و هاتوچۆی ماڵی خاڵێکیشی کردووە کە ناوی (مەلا ئەحمەد)ە و زۆریش لەگەڵی باش بووە، بەڵام نەنکی نەیهێشتووە بچێتە لای کەسیان.

* ئەو نەبوونی و دەستکورتی و دۆخە سەختە، کاریگەری زۆری بەسەر ژیانییەوە بەجێهێشتووە، وەک خۆی دەڵێ: (گرێیەکی دەروونیی زۆر گەورەی لەلای بەجێهێشتووە)، سەرەڕای نەبوونی دایک، کە بۆشاییەکی گەورەی لە ژیانیدا دروست کردووە، لە سۆز و میهرەبانیی باوکیشی بێبەش بووە، بۆیە سەیر نییە وەک کەسێکی توندە تەبیعەت و زبر و تووڕە و هەندێ جار هەڵەشە دەرکەوێ، ئاخر کە کەسێک نەبووبێ سۆزی بداتێ و میهرەبانی لەگەڵی بنوێنێ و لە خۆشەویستی بێبەش بووبێ، بێگومان ئەویش لەگەڵ دەوروبەرەکەی توند و ڕەق و زبر دەردەچێ.

* ئەو هەر لە هەڵسوکەوتەکانی ژیانی ئاسایی خۆیدا وشک و توند نەبوو، بگرە لە کاتی دەربڕینی بیروڕا و بۆچوونەکانیشیدا هەر ڕەق و توند و زبر بوو، لە ناوەندی ئەدەبیشماندا زۆر کەس لەگەڵی نەدەگونجان، لە نووسینی ڕەخنەشدا هەر توند و ڕەق دەکەوتەوە. لەبیرمە جارێک لە ڕۆژنامەی (ژین)ی کاکەی فەللاح بابەتێکی ڕەخنەیی لەبارەی چیرۆکەکانی (سەلام مەنمی)یەوە نووسیبوو، ئەویش (جاف)ـەکەی بۆ کردبوو بە (وشک)، ئیدی وەک دەبینین کەسێک کە ئەوەندە لە سۆز و خۆشەویستی بێبەش بووبێ، خۆشیی لە ژیانی خۆی نەدیبێ، ژیانیش ئەوەندە لەگەڵی دڵڕەق بووبێ و بێبەزەییانە ئازاری بە دەستەوە چەشتبێ، کەواتە زۆر چاکیشە تا ئەوێ و بەو شێوەیەی هێنابێ.

* حەسەن جاف، سەرەتاکانی نووسینی وەک هەموو نووسەرانی کورد، بە شیعر دەست پێکردووە، هەموو شیعرەکانی لە دیوانێکدا کۆکردووەتەوە و لە سلێمانی بردوویەتی بۆ چاپخانەی کامەران، بە ڕێکەوت (کامەران موکری)ی شاعیر لەوێ بووە، دیارە هەر ئەو کاتە کۆمەڵە شیعرەکەی لێ وەردەگرێ و چەند دانەیەک لە شیعرەکانی دەخوێنێتەوە، بەڵام بە دڵی نابێ، بۆیە پێی دەڵێ بە قسەم بکە، ئەو شیعرانە چاپ مەکە، ئەویش بەهۆی ئەو قسەیەوە بوو تا مردیش ڕەحمەتی بۆ گۆڕەکەی کامەران موکری دەنارد، کە بووبووە هۆکاری چاپ نەکردنی شیعرەکانی، یان ئەوەی ناوی لێنابوون (شیعر)، دیارە ئەو شیعرانەی لەلا مابوون، بۆیە هەمیشە دەیگوت کە دەیانخوێنمەوە عەرەق دەردەدەم، نووسینی ئەو شیعرانەی ئەگەر تاکە سوودێکیان بۆی هەبووبێ، ئەوەیە لە نزیکەوە (کامەران موکری)ی ناسیوە، چونکە لە ژیانی داهاتوویدا زۆر دەبنە هاوڕێی یەکدی، بەمەش ڕێڕەوی ژیانی بەرەو ئاقارێکی دی گۆڕیوە.

* باوکی حەسەن جاف کتێبێکی هەبووە، بەردەوام ئەو کتێبەی خوێندووەتەوە، دیارە کتێبەکە (شانامە)یە، لەو کتێبەدا باسی ڕۆستەم و زۆراب و بێژەن و مەنیجە و ڕۆستەم و جەهانگیر کراون، نەک هەر تەنیا خۆی ئەو کتێبی شانامەیەی خوێندووەتەوە، بەڵکوو بۆ زۆربەی ئەوانەی سەردانیشیان کردووە، لەوانە بۆ ژمارەیەکی زۆر لە بەگزادەکانی جافی خوێندووەتەوە، بە تایبەتی لەو کاتانەدا کە سەردانی ماڵەکەیان کردووە. باوکی کە سەر بە عێلی جافە، زۆربەی بەگزادەکانی جاف، داوود بەگی جاف و ئەوان کە سەردانی شاری بەغدایان کردووە، چوونەتە لای و لە ماڵی ئەوان لایان داوە و شەو لەلای ماونەتەوە، ئەویش ئەو کتێبەی بۆیان خوێندووەتەوە، دیارە (حەسەن جاف)یش لە کاریگەریی خوێندنەوەی بەردەوامی ئەو کتێبە لەلایەن باوکییەوە و بوونی ئەو کتێبە سەرنجڕاکێشە و گوێگرتن لێی بە دوور نەبووە، بە تایبەتیش ئەوەی زیاتر سەرنجی ئەو منداڵەی بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە، ئەوەیە کتێبەکە بە زمانی کوردی بووە و هەر بە زمانی کوردی خوێندراوەتەوە و بە گوێی دادراوە، بەڵام لەوە دڵنیا نییە کە باوکی

کتێبەکەی کردووە بە کوردی، یان کتێبەکە خۆی بە زمانی کوردی بووە. کەشی خوێندنەوەی ئەو کتێبە لە ماڵەکەیاندا، هاندەر بووە بۆی، بۆ ئەوەی بەرەو دنیای خوێندنەوە بڕوا، دواتر بەرەو نووسین (گێڕانەوە) پەلکێشی بکەن، بەهۆی دەنگخۆشییەکەی باوکیشییەوە کە بە دەنگ کتێبەکەی خوێندووەتەوە، زیاتر سەرنجی ئەویان بەلای ناوەڕۆکی کتێبەکەدا ڕاکێشاوە، جگە لەو لایەنە، باوکی ئەو نووسەرە دوو بەهرەی هەبووە، کە ئەوانیش بەهرەی: (دەنگخۆشی) و (خەتخۆشی)یە، دەنگخۆشییەکەی وەبەر (محەمەد عەباس بارام)ی برای کەوتووە و خۆشنووسییەکەشی بەبەر حەسەن جاف کەوتووە.

* حەسەن جاف، ئەگەرچی دەرچووی بەشی جوگرافیایە، بەڵام بۆ نووسین و ئەدەبیات (بە تایبەتی چیرۆک و نۆڤلێت و ڕۆمان) هیچ سوودێکی لەو خوێندنەی وەرنەگرتووە، تەنانەت بە چاوی خۆی و بە تەواوی شار و شارۆچکە و ناوچەکانی عێراقی نەدیوە، یان زۆر کەم شار و شارۆچکەکانی عێراقی دیوە، بۆیە لە عێراق جگە لە حیللە و بەعقووبە، جارێکیش بۆ سەردانی ئازاد مستەفای پاسۆک سەردانی سەماوەی کردووە، ئیدی شوێنی دیکەی نەدیوە، بەڵام بەهۆی مامۆستایەتییەوە، لە وڵاتانی عەرەبی، سعودیە و جەزایر و (مەغریب)ی دیوە و بۆ مامۆستایەتی چووەتە ئەو وڵاتانەوە، لەو وڵاتانەشدا هەوڵی داوە ناسنامە کوردییەکەی خۆی زەق بکاتەوە، چونکە مامۆستایان و قوتابییەکانی لەو وڵاتانەدا پێیان گوتووە تۆ کە موسڵمانی، کەواتە دەبێ عەرەب بیت، بەڵام ئەو ئەوەندە بە جوانی باسی کوردستانی بۆ کردوون، پێیان گوتووە کە کوردستان ئەوەندە جوان و خۆشە، باشە بۆچی بۆ ئەو ناوە هاتووی؟ دوایی دەڵێ بێجگە لە یەمەن و سودان، هەر ئەو سەردەمە هەموو وڵاتانی عەرەبیم دیوە و گەڕاوم، کەچی لە کوردستاندا زۆر کەم گەڕاوە و زۆر کەم شارەزای شار و شارۆچکەکانیەتی.

* لە ساڵانی شەستەکاندا چووەتە شاخ و بووەتە پێشمەرگە، بۆ چوونە شاخ وازی لە خوێندنی زانکۆ هێناوە، بەڵام لە ساڵی ١٩٦٤ کە لەناو شۆڕش دووبەرەکی دروست دەبێ، ئەو یەکسەر لە لێخۆشبوونێکدا دەگەڕێتەوە، ئەو کاتەش کەس ئامادە نەبووە (٥) دینار مانگانەی بۆ سەرف بکات تا خوێندنەکەی تەواو بکا، تەنانەت (پارتی)ش کە کاتی خۆی لەناویدا ئەندام بووە، ئامادە نەبووە یارمەتی بدا، تا ئەو کاتەش نەک هیچ نووسینێکی نەبووە، بگرە یەک حەرفیشی نەنووسیوە. کاتێ دەیەوێ بگەڕێتەوە زانکۆ و درێژە بە خوێندنەکەی بدا، دەبینێ لە بەشە ناوخۆییەکەی وەری ناگرنەوە، نەشیتوانیوە وەک جاران لە پاڵ بەشە ناخۆییەکە، بە (٥) دیناری نەنکی، کە مانگانە بۆی ناردووە بژی، بۆیە بڕیار دەدا لەبەر دەستکورتی و نەبوونی، بە ناچاری دەست لە خوێندن هەڵبگرێ، بەڵام بۆ تەواوکردنی خوێندنی زانکۆ، لە پڕ هاوشارییەکی خۆی وەک فریادڕەسێک لێی پەیدا دەبێ و ڕێگەی لێ دەگرێ لە خوێندنەکەی دوور بکەوێتەوە.

* حەسەن جاف دەڵێ: ئێستاش نازانم کێ هەواڵی دەست هەڵگرتنم لە خوێندنی زانکۆی گەیاندبووە ئەو هاوشارییەم، کە ئەو هاوشارییەی دێتە لای، ڕێکوڕاست دەیباتە ڕۆژنامەی (صوت العرب)، بۆ لای فەوزی عەبدولواحیدی سەرنووسەر، کە چووەتە ڕۆژنامەکە، سەرنووسەر تاقی کردووەتەوە و داوای نووسینێکی لێ دەکات تا بزانێ زمانی عەرەبییەکەی چۆنە، ئەویش لەبەر ئەوەی خوێندنیان بە زمانی عەرەبی بووە، بە زمانی عەرەبی وتارێک لەبارەی بەستنی کۆنگرەی عەرەبییەوە بەناوی (مؤتمرات القمة العربية والانحدار نحو القاع) دەنووسێ، بۆ بەیانییەکەی دەبینێ وتارەکەی کراوەتە سەروتاری ڕۆژنامەکە و بڵاوکراوەتەوە، لێرەوە کە بە ڕێکەوت بووە بە نووسەر، دەست بە نووسین دەکات و

متمانە بە خۆی پەیدا دەکات، ڕۆژی پاشتر لە بەشی سیاسەتی نێوەدەوڵەتی دەستبەکار دەبێ و مانگانەی (٢٥) دیناری بۆ دەبڕنەوە، ئیتر کە بووەتە خاوەنی مووچەی مانگانەی خۆی، چیتر نەیهێشتووە نەنکی خەریکی نانکردنی ماڵان بێ، هەر لەو ڕۆژنامەیەشدا گۆشەیەکی هەفتانەی نووسیوە.

* ئەو هەرچەندە پێشتر سەروساختی لەگەڵ خوێندنەوەدا هەبووە، بەڵام هیچ نووسینێکی نەبووە، لێرەوە دەست بە نووسین دەکات و هەندە نابات خۆی لە نووسین و دنیای ئەدەبیاتدا دەبینێتەوە، وێڕای ئەوەی نووسینەکانی ئەو سەرەتایەی بە زمانی عەرەبی بوون، بەڵام دوایی لەلایەن دۆستێکی نزیکییەوە، کە شاعیر و هونەرمەند خالید دلێرە، ئەو کاتە لە کۆمپانیای نەوتی کەرکووک کرێکار بووە، بە توندی سەرزەنشت دەکرێ کە چۆن دەبێ ئینسان کورد بێ و بە زمانی کوردی نەنووسێ، ئەو قسەیە زۆر کاری تێ دەکات، بۆیە ڕوو دەکاتە کوردی نووسین. لەو ڕۆژنامەیەدا جارێکی دی (سەدرەددین عارف)ی کۆنە هاوڕێ و هاوشاریی خۆی دەبینێتەوە، کە لەوێ وەک وەرگێڕ کاری کردووە، هەر لە ڕۆژنامەکەدا کەسانی وەک حەسەن عەلەوی و سامی مەهدی و فەلاح ئەلعماری ناسیوە.

* لەو هەموو هاتنەی بۆ لامان، هەندێ شت هەن پێم باشە بیانگێڕمەوە.. دوای ئەوەی خوشک و براکانمان (کوردانی ڕۆژئاوا) لێیان قەوما و ڕۆژانە کوشتوبڕ دەکران، بەشێکی زۆریان کەوتنە دیوی باشوور، هێشتا ئەوان کەمپیان بۆ دروست نەکرابوو، بۆیە لەو سەرەتای هاتنەیانەوە، لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەکانەوە بانگەوازی هاوکاری کردنیان بە گوێی خەڵکەکە دادرا، خەڵکی هەولێریش وەک پیشە و نەریتی هەمیشەییان زۆر مەردانە و جوامێرانە بە پیر بانگەوازەکەوە چوون، کەمپەینەکە لەلای پارکی شانەدەر بوو، هاووڵاتییانی شارەکە هەریەکەیان بە پێی دەسەڵات و توانایی خۆیان هاوکارییان بۆ دەبردنە ئەوێ، (حەسەن جاف)ی تایین سۆزی نەتەوەیی بۆیان جووڵابوو، چووبوو هەموو نوێنەکانی ماڵەکەی خۆی (دۆشەک و لێفە و بەتانیە و سەرینەکانی) بۆ بردبوون، دواتر بیری کەوتبووەوە کە خۆی هیچی لە ماڵەوە نەماوە لەو زستانەدا بیدا بە خۆیدا، لە مەڵبەندی گشتیی نووسەران هاتە ژوورەکەم، سکاڵای حاڵی خۆی بۆ کردم کە هیچ نوێنێکی نەماوە لەو سەرمای زستانە بەکاری بهێنێ، من کە لەوێ دەسەڵاتی پارە سەرف کردنم نەبوو، چونکە بەپێی یاسا و پێڕەو و پرۆگرام (سەرۆکی نووسەران) بڕیاری پارە خەرجکردنی لەلایە، (آمر بالصرف)ـە و ئەو دەسەڵاتەی هەیە، بۆیە لە ژوورەکەم بەجێم هێشت و خۆم چوومە لای ڕەوانشاد کاکەمەم بۆتانی، داوای (٥٠٠) هەزار دینارم بۆ کرد کە لە بودجەی مانگانەی نووسەران بیدرێتێ، بۆ ئەوەی کەموکوڕییەکانی خۆی پێ پڕ بکاتەوە، کە زانی ئەو بڕە پارەیەم بۆ پچڕیوە و بڕیاری بۆ دراوە، کۆڵێک پێی گەشایەوە و شاگەشکە بوو، چونکە خۆی گوتەنی گرفتێکی گەورەی لە کۆڵ بووەوە.

* ساڵی ٢٠١٢ لە یەکێتیی نووسەرانی کورد/ مەڵبەندی گشتی دەستپێشخەریمان کردو پێشبڕکێیەکمان ڕاگەیاند، پێشبڕکێیەکە بۆ ئەو ڕۆمان و نۆڤلێتانە بوو کە سەبارەت بە جینۆسایدکردنی کورد نووسرابوون، لە بانگەوازەکەدا داوامان کردبوو هەموو ئەو نووسەرانەی لە ڕابوردوو، یان ئێستادا، ئەگەر ڕۆمان و نۆڤلێتیان لە بارەی ئەنفال و کیمیاباران نووسیوە، بۆمانی بنێرن، من سەرۆکی لیژنەی هەڵسەنگاندنی ئەو پێشبڕکێیە بووم، لە کۆی ئەو (١٢) بەرهەمەی بە دەستمان گەیشتن، حەسەن جاف یەکێک لە بەشداربووەکان بوو، لە پێشبڕکێیەکەدا کە کردم بە براوەی سێیەمی

خەڵاتەکە، پتر مەبەستم بوو ئەو بڕە پارەیەی بدرێتێ و کەمێک قورسایی ژیان و گوزەرانی خۆی پێ سووک بکات و نەختێ ژیانی باشتر بێ.

* حەسەن جاف کە زوو زوو لە ئۆفیسی ڕامان سەردانی دەکردم، لەم ساڵانەی دوایی داوای لێکردم لە ژوورێکی گۆڤاری ڕامان، کورسی و مێزێکی بۆ دابین بکەم تاکوو ڕۆژانە بێتە لامان و خۆی خەریکی خوێندنەوە و نووسین بکات، ئەوەشی پێ ڕاگەیاندم ئەگەر ئێمە ئیشێکی گۆڤارەکەمان هەبوو، ئەو ئامادەیە بەبێ بەرانبەر بۆمانی جێبەجێ بکات؛ من و ئەو لەو کەینوبەینەدا بووین و بەڵێنم پێ دابوو لە ژوورێکدا کە کورسی و مێزی لێ بوو، ڕۆژانە بێت و کەی ویستی سوودی لێ وەربگرێ و خەریکی کاری خۆی بێت، هێندەی پێ نەچوو، لەگەڵ برادەرانی دەزگای موکریانی، بە تایبەتی بەرپرسەکەی (کاروان عەبدوڵڵا) دیار بوو گرێبەستێکی بۆ کرابوو، تا بچێتە لایان و لەوێ کاریان لەگەڵ بکات. ڕاستییەکەی لەلای ئێمە هیچ دەسەڵاتێکی وامان نەبوو گرێبەست بۆ هیچ کەسێک بکەین، چونکە ئەو دەسەڵاتەم هەبوایە و دەستم کراوە بوایە، ئەوە بێ سێ و دوو ئەو کارەم بۆ دەکرد، بەڵام برادەرانی دەزگای موکریانی دەیانتوانی لە بودجەی مانگانەی بەردەستیان، ئەو کارەی بۆ بکەن، هەروەک چۆن دەیانتوانی ناو بە ناو کتێبێکی ڕووبەڕوو بکەنەوە و بەرانبەر بڕە پارەیەک بۆیانی وەربگێڕێ.

* حەسەن جاف، وەک ڕۆژنامەنووسێک، لە زۆر ڕۆژنامەدا کاری کردووە، سەرەتای دەست پێکردنەکەی لە ساڵی ١٩٦٤ لە ڕۆژنامەی (صوت العرب) بووە، لەوێش گۆشەیەکی بەناوی (کلمات عابرة) هەبووە. کە لە ناوەندیی کاژاو لە سلێمانی بەڕێوەبەر بوو، بە پشتیوانیی دارایی عەلی بۆسکانی، ژمارەیەکی لە گۆڤاری (کاژاو) دەرکرد، کە هەر خۆی سەرنووسەری گۆڤارەکە بوو، بە هاوکاری مامۆستایانی ئەو قوتابخانەیە ئەو ژمارەیە دەرچوو، ئەگەر پاڵپشتی داراییان هەبوایە، ئەوە دەیانتوانی زۆر ژمارەی دیکەی لێ دەربکەن. دوای ڕاپەڕین لە ڕۆژنامەی (بغداد) کە هیی جەماعەتی (الوفاق الوطني)ی ئەیاد عەلاوی بوو کاری کردووە، هەرچەندە ئەو سەرپەشتیاری چاپی ڕۆژنامەکە بووە، بەڵام ناو بە ناو وتاریشی بۆیان نووسیوە، دوایی هەر لەوێ عەمیدێک کە لە سوپای عێراق ڕای کردووە، ناوی (عەدنان محەمەد نووری) بووە، گۆڤارێکی بەناوی (آفاق عربية) دەرکردووە، کە تەنیا (١) ژمارەی لێ دەرچووە، دوای ماوەیەک لە ڕۆژنامەی (ڕزگاری)دا کاری کردووە، دەڵێ: بەو مەرجە سەرنووسەریم بۆیان کرد، کە ئەوان چۆن بیر دەکەنەوە، ئەوە گرفتی من نییە، بەڵام پێم وتن سەروتار خۆتان بینووسن، ئەوەی دی بۆ من بەجێ بهێڵین. دوای ڕاپەڕین کە خزمەتەکەی لە زانکۆوە گوێزراوەتەوە سەر وەزارەتی ڕۆشنبیری، لەوێ کراوەتە بەڕێوەبەری ئاژانسی دەنگوباسی کوردستان، دواتر کراوەتە بەڕێوەبەری گشتیی ڕاگەیاندن و سەرنووسەری ڕۆژنامەی هەرێم. لەو کارە بەرچاوانەی لە بواری ڕۆژنامەگەریدا کردوویەتی، (٣) جار گۆشەی هەبووە، یەکیان بە زمانی عەرەبی بەناوی (کلمات عابرة)، کە وەک قوتابییەک لەسەر گرفتەکانی زانکۆ و قوتابیانی نووسیوە، سەرنووسەر لەسەر ڕەخنەی یەکێک لە گۆشەکان، گۆشەکەی ڕاگرت و چیتر بڵاو نەکرایەوە. پێش ڕاپەڕینیش لە ڕۆژنامەی پاشکۆی عێراق بە کوردی، گۆشەیەکی بەناوی (کتێبی ئەم جارە) هەبوو، کە لەو گۆشەیەدا هەر جارە و ناوەڕۆکی کتێبێکی دەخستە ڕوو، لە ڕۆژنامەی (هەرێم)یش گۆشەیەکی بەناوی (بە دەنگی بەرز) هەبوو، خۆی دەڵێ من ناتوانم بە چپە قسە بکەم، بۆیە گۆشەکەم ناو نا (بە دەنگی بەرز).

* حەسەن جاف، بە درێژایی ژیانی، وەک نووسەر و ڕۆژنامەنووس (٧) جار ڕێزی لێنراوە، ئەو (٧)

جارەش ئەمانە بوون: (وەزارەتی ڕۆشنبیری لە سلێمانی، بنکەی گەلاوێژ - لقی کەرکووک، یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی هەولێر، یەکێتیی نووسەرانی عێراق، دەزگای هەواڵ (لەسەر ڕۆمانی ئەنفال)، لە یادی مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی، خەڵاتی ڕۆمانی ئەنفال کە لەلایەن یەکێتیی نووسەرانی کورد/ مەڵبەندی گشتی پێی درا کە خۆم سەروکاری ئەو لیژنەیەم دەکرد. ئەو لە گفتوگۆکەمان دەڵێ (١٨) ساڵە هیچم نەنووسیوە، گفتوگۆکەمان لە ڕۆژی شەممە، ٢٠١٤/٦/٢٨ ساز کردووە، واتە (٢٥) ساڵی ڕەبەق بێجگە لە وەرگێڕان، هیچی نوێی نەنووسیوە، بەڵام ئەو (٥٠) ساڵ قەڵەمەکەی لە کاردا بووە، خزمەتی بە بواری نووسینی کوردی و عەرەبی کردووە، لەگەڵ ئەوەش لە چاو ئەو مێژووە دووروودرێژەی دەست پێکردنی، زۆر کەم بەرهەمەکانی بەسەر کراونەتەوە و لە بارەیانەوە نووسراوە، لەوانەیە ئەوەش هۆکارەکەی بۆ ڕاشکاوی و قسە توندەکانی بگەڕێتەوە و دەوریان لەوەدا هەبووبێ.

* ئەو پیاوە کە پێشبینی مەرگی خۆی دەکرد و دەیگوت بکەومە جێگەوە، کەسێ نییە پەرداخێ ئاوم بداتێ، یان دەیگوت بشمرم کەس بە مردنەکەم نازانێ، زۆر ڕاستی کرد و هەرواش دەرچوو، ئەو لە ڕۆژی دووشەممە، (١٠)ی شوباتی ٢٠٢٥، لە تەمەنی (٨٣) ساڵیدا، لە یەکێک لە شوقەکانی ڕووناکی کۆچی دوایی کرد، لەو کاتەی کۆچی دوایی کردبوو، کەس بە مردنەکەی نەزانیبوو، تا دواتر دەرودراوسێکانی پێیان زانیبوو و پۆلیسیان لێ ئاگادار کردبووەوە. ئەو کە ماڵی لە شوقەکانی ڕووناکی بوو، هەر زوو زوو دەیگوت بە هیمەتی کامەران موکری ئەو شوقەیەم وەرگرتووە، ئەو نەبوایە چیم دەکرد؟ خاوەنی دوو کوڕ و کچێکە (زەردەشت، زرنگ، گزنگ) کە لە دەرەوەی وڵات دەژین. ئێستا ئیدی ئەو پیاوە کە هەمیشە جانتایەکی بە شانەوە بوو، کتێب و وردەواڵەی خۆی تێدەکرد، بە خۆی و جانتا پڕ لە خەم و خەفەتەکانی خۆی و نیشتمانەکەی، چیدی نایبینینەوە. ڕۆژی چوارشەممە، (١٢)ی شوباتی ٢٠٢٥، یەکێتیی نووسەرانی کورد، بە هاوئاهەنگی لەگەڵ دەزگای موکریانی، لە هۆڵی شەهید مەهدی خۆشناو پرسەیان بۆ دانا.

* من لەمێژ بوو لەگەڵی خەریک بووم گفتوگۆیەکی تێروتەسەل و بەرفراوانی لەگەڵدا ساز بکەم، چونکە دەمزانی هیچ تاقەتی نووسینی نەماوە، بە تایبەتیش کە پێم دەگوت بیرەوەرییەکانت بنووسەوە، دەیگوت زۆر حەز دەکەم بیرەوەرییەکانم بنووسم، چونکە بایی ئەوەندەم پێیە بینووسم و بخوێنرێتەوە، کە لە نووسینەوەی بیرەوەرییەکانی بێهیوا بووم، حەزم دەکرد لە ڕێگەی ئەو گفتوگۆ دووروودرێژەوە یادەوەرییەکانی بجووڵێنم، بەڵام پاش تۆمارکردنی چەند سەعاتێک، دیار بوو ڕۆژگار خەیاڵ و یادەوەرییان شەکەت و ماندوو کردبوو، ئیتر تاقەتی لەوە چووبوو زۆر قسان بکا، زۆرجاریش دەیگوت خۆم گرفتم کەم نییە، تا گرفتی دیکەشی بێتە سەر، من قسە بکەم، دەبێ ڕاستگۆیانە هەموو شتێک بڵێم، بۆیە ئەوەندە قسەیەی بۆی کردبووم، بەلامەوە کەم بوو، چاوم لەوەبوو زیاتری لێ وەربگرم، چونکە زۆرتری پێ بوو، ناو بەناویش ئەوەی لێ دووپات دەکردمەوە کە جارێ گفتوگۆکە ڕابگرم و بڵاوی نەکەمەوە، تاکوو دەرفەتێکی دیکە دێتە پێش، بۆیە (١١) ساڵ ئەو چاوپێکەوتنە بڵاو نەکرایەوە و دواکەوت.

* ئەو مامۆستایەی هەوڵی دەدا قوتابییەکانی، تەنانەت ئەوانەی قوتابی ئەویش نەبوون، بە گیانێکی نەتەوەییانە و کوردانە پەروەردە و گۆش بکا، شیعری شاعیرە نەتەوەییەکانی بۆ دەخوێندنەوە و قسەی بۆ دەکردن، ئەو نووسەرەی هەوڵی دەدا بە نووسین و وەرگێڕان، بە چیرۆک و نۆڤلێت و ڕۆمان، تاکەکانی کورد هۆشیار بکاتەوە، ماڵئاوایی لێکردین، وەلێ یادی ئەو لە یادەوەریماندا هەر بە زیندوویی دەمێنێتەوە.

**ڕامان:** وەک ئاگادارم ئەو حەز و خولیایەی وەرگێڕانت زیاتر لەو کاتەوە دەرکەوتووە، کە چوویتە دەزگای موکریانی؟

**حەسەن جاف:** وایە، دیارە زیاتر لەوەتەی چوومەتە دەزگای موکریانی، لەسەر داوای ئەوانیش کتێب وەردەگێڕم، وەک گوتیشم، ئەگەر کتێبەکە بە دڵی خۆشم نەبێت نایکەم.

**ڕامان:** تۆ پێش ئەوەی دەست بدەیتە وەرگێڕانی بابەتی مێژوویی، خوێندنەوەت بۆ مێژووی کورد و بۆ مێژوو بە شێوەیەکی گشتی چۆن بوو؟

**حەسەن جاف:** وەک پێشتریش عەرزم کردی، کاتی خۆی کتێبێکم لەسەر بەکر سدقی دانا.

**ڕامان:** ئەو کتێبەت داناوە، ئەی بۆچی تا ئێستا بە چاپکراوی نەماندیوە؟

**حەسەن جاف:** بەڵێ، ئەو کتێبەم دانا.

**ڕامان:** ئەوە ساڵی چەند بوو، ئەو کتێبەت دانا؟

**حەسەن جاف:** دوای ساڵی ١٩٧٠ بوو.

**ڕامان:** ڕاست ساڵی چەند داتنا؟

**حەسەن جاف:** وەڵاهی دوای ١٩٧٠ بوو، ڕێکوڕاست نازانم چ ساڵێک بوو.

**ڕامان:** ئەی ڕەشنووسەکەی کوا، بۆچی دواتر چاپت نەکرد؟

**حەسەن جاف:** پێشتر سەرچاوەم بۆی کۆ کردەوە و وردە وردە کردمن بە کتێبێک. ڕۆژێکیان ڕەوانشاد ئازاد مستەفا، سکرتێری پاسۆک، لە ماڵمان بوو، باسی کتێبەکەم بۆ کرد، گوتی منیش کتێبێکم لەسەر بەکر سدقی هەیە، تۆ ئەوەی خۆتم بدەرێ، من لەگەڵ ئەوەی خۆم بەراوردی دەکەم، ئەگەر کارەکەی من تێروتەسەلتر بوو، سەرچاوەی زیاتر بوو، ئەوەی تۆش دەخەمە سەر ئەوەی خۆم، ئەگەر ئەوەی تۆ وابوو، من ئەوەی خۆمت دەدەمێ و بیخەرە سەر ئەوەی خۆت.

**ڕامان:** دیارە دواتر کتێبەکەی ئەو دەوڵەمەندتر بووە، بۆیە کتێبەکەی تۆ دەنگی نەماوە؟

**حەسەن جاف:** نەوەڵڵا، ئەوە نەبوو، ئیدی ئەو بەسەریدا چووە دەرەوە، ئەوە بوو نەخۆش کەوت و بەڕەحمەتی خوا چوو، لەسەر قەبران، کوڕەکەیم دی، لەوێ لە بارەی کتێبەکەوە قسەم لەگەڵ کرد، گوتی ماموستا، هەرچی کتێبی باوکم هەیە، ناوی دێیەکی پێ گوتم، گوتی لەوێ چاڵمان هەڵکەند و هەموویمان خستمانە چاڵەکەوە. مانای وایە کە هەموو ماندووبوونەکەی من فەوتا.

**ڕامان:** حەیفە ئەو کتێبەت فەوتاوە، بۆیە پرسیاری ساڵی نووسین و دانانەکەم لێ کردی، چونکە ئەو کاتە زۆر کەم لە بارەی (بەکر سدقی)یەوە نووسرابوو.. ڕەشنووسی کتێبی دیکەت هەیە نووسیبێتت و فەوتابێ؟

**حەسەن جاف:** کتێبێکی دیکەم دانا، هەروەک ئەوەیان وا بوو، مارکسییەت و مەسەلەی کوردایەتی و نەتەوایەتی، شتێکی لەو بابەتە بوو، ئەویشم نووسیبوو، بەڵام کە ڕاپەڕین هاتە گۆڕێ، گوتیان هاتوچۆ قەدەغە دەکرێت و چوونە ماڵان و پشکنین و شتی وا دەبێت، بردم بۆ دۆڵابەکەی بەڕێوەبەر لە قوتابخانە، ئەوسا لە قوتابخانەی (سۆران) ی ئێواران بووم، لای دواناوەندیی کوردستانەوە، ئیدی ڕاپەڕینی بەسەردا هات، چووینە دەرەوە و بەرەو سنوور ڕۆیشتین و گەڕاینەوە، بەسەردا نەخۆش کەوتم و ماوەیەکی زۆرم پێچوو، هەتا هاتمەوە هەولێر، کتێبخانەکەم تاڵان کرابوو، ئەویشم فەوتا.

**ڕامان:** ئەوە دوو کتێبت فەوتان؟

**حەسەن جاف:** دوو کتێبی گرنگ، کە زۆر شانازییان پێوە دەکەم، بەداخەوە فەوتان.

**ڕامان:** هیچ کتێبی دیکەت نووسیوە فەوتابێ؟

**حەسەن جاف:** نووسینی خۆم بێ، نا نیمە، لەوە زیاترم نییە.

**ڕامان:** ئەی وەرگێڕانت فەوتاوە؟

**حەسەن جاف:** وەرگێڕان نا، نووسینی دیکەم هەن، بەڵام بە دڵم نین، بۆیە پشتگوێم خستوون.

**ڕامان:** ئێستا دەتەوێ بڵێی گەڕانەوەت بۆ وەرگێڕانی ئەو بابەتە مێژووییانە هیی ئەوەیە کە تۆ پێشینەیەکت هەیە، پێشتر بابەتت لەو بوارەدا نووسیوە و خوێندنەوەشت لە بواری مێژووییدا هەبووە؟

**حەسەن جاف:** بەڵێ، لە ڕێگەی ئەو کتێبانەوە زیاتر بەرەو مێژووی کورد و مەسەلە نەتەوایەتییەکە چووم.

**ڕامان:** تۆ زیاتر چیرۆکت نووسیوە و وەک چیرۆکنووس ناسراوی، زمانی ئەدەبی و زمانی نووسینی مێژوو لێکدی جیاوازن، تۆ ئەم بابەتەت چۆن چارەسەر کردووە، کە نەتهێشتبێت زمانە ئەدەبییەکەت بەسەر زمانی مێژوونووسیندا زاڵ بێت؟

**حەسەن جاف:** چارەسەرەکەی ئاسانە، چونکە من مامۆستا بووم، مامۆستای مێژوو بووم، دیارە نابێت بابەتی مێژوویی بە زمانی ئەدەبی بنووسرێت، دەبێ بە کوردییەکی پوختە و ڕەوان بینووسیت.

**ڕامان:** لەلایەکی دیکەشەوە زۆریش لە چیرۆکنووسین و ڕۆماننووسین دوور نییە؟

**حەسەن جاف:** من دوو ڕۆمانم نووسیوە، هەردووکیان باسی بابەتی مێژووییـن. یەکیان (عەلەبەسێ)یە، باسی ڕووداوەکانی کەرکووک لە ساڵی ١٩٥٩ دەکا، ئەوی دیکەیان (گۆڕستانی لم)ـە، باسی ئەنفال دەکات، لەسەر تەیمووری خەڵکی کوڵەجۆ نووسیومە، کە لەم بەینەدا پێوەندیی پێوە کردم و گوتی من تەیموورم.



**بابل (شوێنەواری بابل)، چوارشەممە، ٢٤/ ٢/ ١٩٦٥، مامۆستایانی کۆلێژی ئاداب، لەگەڵ قوتابییەکانی بەشی جوگرافیا سەردانی ئەم شارەیان کردووە.**

**ڕامان:** ئەوە (عارف قوربانی)ش وتووێژی لەگەڵ کردووە و لە بارەیەوە نووسیویەتی.

**حەسەن جاف:** بەڵێ، عارف قوربانی زۆری لەسەر نووسیوە.

**ڕامان:** باشە، تۆ بۆ وەرگێڕانی کتێبە مێژووییەکان ڕووبەڕووی هیچ گرفتێک بوویتییەوە؟

**حەسەن جاف:** زۆرجار کێشەم بۆ دروست بووە، بەتایبەتی مەسەلەیەکت بۆ دێنمەوە بۆ ئەوەی لە لات ڕوون بێ؛ من کە کتێبی (میرنشینە کوردییەکانی سەردەمی بوەیهییەکان)م وەرگێڕا، وەک سەرنجم داوە ئەوانەی کە دەیکەن بە عەرەبی، لە زمانێکی دیکەوە، ئینگلیزی، فارسی، فەڕەنسییەوە دەیکەن، هەندێ جار بە باشی لە زمانەکە نەگەیشتوون، لەبەر ئەوە کە ئەو میرنشینانەم کرد بە کوردی، زۆرجار لەسەر هەندێ ڕستە دەوەستام، نەمدەزانی ئەو ڕستەیەی کە ئەم کابرایە کردوویەتی بە عەرەبی، مەبەستی چییە و چی دەڵێ! بۆیە پێشەکییەکم بەناوی دەستپێک بۆ کتێبەکە نووسی، لە دڵی خۆمدا گوتم، یان ئەو برادەرە عەرەبییەکی باشی نەزانیوە، یان دەبێ هەڵەی چاپ بێ، بەڵام من بە شێوەیەک دەستکاریم کردووە، کە لەگەڵ ڕواڵەتی گشتیی بابەتەکە بگونجێ و دژایەتی تێدا نەبێت.

**رامان:** لە پەراوێزی کتێبەکەدا ئامـاژەت بـەو شتانە کـردووە، کـە بابەتەکـە ئاوایـە و مـن بـەو شێوەیە چارەسـەرم کـردووە؟

**حەسـەن جـاف:** نەخێـر، هـەر پێشـەکییەکم بەنـاوی دەسـتپێکەوە بـۆ نووسـیوە.

**رامان:** بـەڵام دەبوایە لـە شوێنی خۆیدا، لە پەراوێز ئاماژەیان پـێ بدەی؟

**حەسەن جاف:** بۆ نموونە، (چیرۆکی خۆشەویستییەکی مەجووسـیانە)، مـن پەراوێزێکـم بـۆ نووسـی، نووسـیم مـن بـڕوام بـە وشـەی مەجـووس نییـە، ئەمـە داهێنانـی عـەرەب و ئیسـلامییەکانە، بـەڵام مـن ناتوانـم ناوونیشـانی چیرۆکێـک بگـۆڕم، ئەمـە لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی بووایە، دەسـتکاریم دەکـرد و دەمگـۆڕی، بـەڵام ئەمـە چیرۆکـە و کابـرا خـۆی نووسـیویەتی «قصـة حب مجوسـية»، منیش ناچارم بـە هەمـان ناوونیشـان بیکەمـە بـە کـوردی.

**رامان:** ئەوە یەکێکە لـە کارە جوانەکانی عەبدولڕەحمان مونیـف، ئەگەرچـی بچکۆلەشـە، بـەڵام کارێکـی جـوان بـوو، کاتـی خـۆی خوێندمانـەوە.. جـاری وایـە زاراوە دێتـە پێـش وەرگێـڕ، نـاو هەیـە لەوانەیـە نەتبیسـتبێت، تـۆ ئـەو گرفتانـەت چـۆن چارەسـەر کـردووە؟

**حەسـەن جـاف:** ئەگـەر سـەرنجی ئـەو کتێبانـە بدەی کـە بـۆ (موکریانـی)م وەرگێـڕاون، بەتایبەتـی ئەمـەی دوایـی «الحمـلات العسـكرية الآشـورية علـى كوردسـتان»، هەمـوو ناوەکانمـان خسـتووەتە نێـوان دوو کەوانـەوە، نـاوی سـەیر سـەیری تێدایـە، مـن نازانـم ئـەو نـاوە بـە کـوردی چـۆن دەگوتـرێ و چـۆن دەنووسـرێ، لەبـەر ئـەوە وەک عەرەبییەکـە لەنێـوان دوو کەوانـەدا نووسـیومە، دەسـتکاریم نەکـردووە و نەمگۆڕیـوە، ئـەوە یەکێکـە لـە گرفتـەکان.

**رامان:** ئەوەی باسـی دەکـەی گرفتێکـی گەورەیە، مـن کاتـی خـۆی وتارێکـی (دوکتـۆر ئیبراهیم حيلمی فەتـاح)م وەرگێـڕا، کـە گۆڤـاری (لغـة العـرب)ی سـاڵی ١٩١٣، بەنـاوی لیـوای سـلێمانی، لەسـەر شـاری سـلێمانی نووسـیوە، لـە زۆر شـوێندا نـاوی ناوچـە و شـار و شـارۆچکە کوردییەکانـی هێنابـوو، ناچـار دەبـووم بچـم بـۆ بەغدا بـۆ لای مـەلا جەمیـل ڕۆژبەیانـی، بـۆ ئـەوەی یارمەتیـم بـدا و چارەسـەری بکـەم، بۆیـە ئـەو پرسـیارەم لـێ کـردی، بێگومـان تـۆ لـە وەرگێڕانـی کتێبێکـی گـەورەدا تووشـی دەیـان گرفتـی لـەم شـێوەیە دەبیـت، ئەوجـا چارەسـەرکردنی ئـەو گرفتانـە سـەختن، بەتایبەتـی ئێسـتا کەسـانی وەک مامۆسـتایان مـەلا جەمیـل ڕۆژبەیانـی و مـەلا شـوکور مسـتەفا و ئەوانـەش نەمـاون، کـە مەرجـەع بـوون، یـان دەچووینـە لای م. مەسـعوود محەمەدێـک و ئەوانـی دی، بەڕاسـتی مـرۆڤ لـەو شـتانەدا زۆرجـار تووشـی زەحمـەت و گرفتێکـی زۆر دەبێـت؟

**حەسـەن جـاف:** مـن ناوەکانـم دەسـتکاری نەکردوون، بـەڵام خسـتوومنەتە نێـوان دوو کەوانـەوە، بـە دەزگای (موکریانی)شـم گوتـووە، کـە خـۆم چۆنـم نووسـیوە، هـەر ئـاوا چاپـی بکـەن.

**رامان:** لـەو وەرگێڕانانـەدا پشـتت بـە وردبینـی و وردەکاری بەستووە؟

**حەسـەن جـاف:** ئەمانەتـی مێژووییـم پاراسـتووە، تەنانـەت ئەگـەر شـتێکیش بـە دڵـم نەبووبێـت. بـە (دەزگای موکریانی)شـم گوتـووە، پێـم گوتـوون ئەگەر شـتێکم بـەدڵ نەبـێ، دەتوانـم پەراوێـزی بـۆ بنووسـم، خـوا هەڵناگـرێ گوتوویانـە بیکـە و دەتوانـی.

**رامان:** ئـەوە مافـی هەمـوو وەرگێڕێکـە، هەرچەنـد نابـێ دەسـت لـە دەق بـدات، بـەڵام لـە داوێنـی نووسـراوەکەدا دەتوانـێ پەڕاوێـز و بۆچوونـی خـۆی بنووسـێت.. تـۆ لـە وەرگێڕانـی دوو بـواردا کارت کـردووە، بوارێکیـان وەرگێڕانـی ڕۆمانـە، لەوانـە «وداعـا ايهـا الحـزن»ی «فرانسـوا ساگان»، لەگـەڵ «قصـة حـب مجوسـية»ی عەبدولڕەحمـان مونیـف، بوارەکـەی دیکەیـش کۆمەڵێـک کتێبـی مێژووییـە،

لـە وەرگێڕانـی ئـەو دوو بـوارەدا زیاتـر چێـژ لـە کامیـان وەردەگـری؟

**حەسـەن جـاف:** بێگومـان زیاتـر لـە ئەدەبەکـە نزیکتـرم. مێژووەکـەش، بێجگـە لـە مەسـەلەی ناچارییەکـەی، بە ئەرکێکی نەتەوەییشی دەزانم، بـەڵام زیاتـر چێـژ لـە ئـەدەب وەردەگـرم.

**ڕامـان:** وەرگێڕانـی ڕۆمـان کـە لـە چێـژی تـۆوە نزیکتـرە، زووتـر بـە دەسـتتەوە دێـت؟

**حەسـەن جاف:** بەڵـێ، زووتـر بەدەستمەوە دێت. جـاری وا هەیـە بـە سـەعات دادەنیشـم و لەسـەری هەڵناسـتم، بـەڵام کتێبـی دیکـە هەیـە، جـاری وایـە پـاش نیـو سـەعات وازی لـێ دێنـم، دوای دوو سـێ ڕۆژ دیسـان دێمـەوە سـەری، کەچی دەست لـە کتێبە ئەدەبییـەکان هەڵناگـرم.

**ڕامـان:** کەواتـە بۆچـی لەگـەڵ برادەرانـی (موکریانی)یش، کـە ئەرکـی وەرگێڕانـت پـێ دەسـپێرن داوایـان لـێ ناکـەی زیاتـر کاری ئەدەبیت پـێ بسـپێرن؟

**حەسـەن جـاف:** بـڕوا بکـە، ئەگـەر لـە کاروان عەبدوڵـڵا، یـان لـە محێدیـن تەهـا بپرسـی، دەیـان جـار پێیانـم گوتـووە، گوتوومـە پێـم خۆشـە ئەگەر هەبـێ ڕۆمانـە جیهانییەکانـم پـێ بـدەن بیانکـەم بـە کـوردی، خـۆم بەفرەکانـی کلیمینجـارۆی هێمینگـوای-م کـردووە بـە کـوردی، بـەڵام ئـەوان زیاتـر بایـەخ بەلایەنـی مێژوویـی و سیاسـی و ئـەو جـۆرە شـتانە دەدەن.

**ڕامـان:** بێجگـە لـە وەرگێڕانـی ئـەو دوو بـوارە، وەک ئـاگادارم و لەبیریشـمە هەندێـک کتێبـی بەرنامـەی خوێندنـی قوتابخانەکانیشـت بـۆ قوتابیـان وەرگێڕاوە؟

**حەسـەن جـاف:** بەڵـێ، کاتـی خـۆی داوایـان لـێ کردم، جوگرافیـای پۆلـی سـێم کـرد بـە کـوردی.

**ڕامـان:** لەوانەیـە ئـەوە بـەلای تـۆوە ئەزیـەت و ماندووبوونـی تێـدا نەبووبـێ و زوو بـە دەسـتەوە هاتبـێ؟

**حەسـەن جـاف:** بەڵـێ، چونکە جوگرافیـا بـواری کار و پسـپۆڕی خۆمـە.

**ڕامـان:** ئاخـر وەرگێڕانـی بابەتـی جوگرافیـاش لـە مەسـەلەی بەکـوردی کردنـی زاراوە و شـتە تایبەتەکانیـدا ئەرکـی زۆرە؟

**حەسـەن جـاف:** کەچـی بـەلای منـەوە ئاسـانە، یەکـەم، لەبـەر ئـەوەی کـە بـواری پسـپۆڕی خۆمـە، دووەمیـش چەنـد سـاڵ بـوو ئـەو کتێبـەم بـە دەرس دەگوتـەوە، دوای ڕاپەڕینیـش کـە هاتینـەوە هـەر بـە کـوردی دەمانگوتـەوە.

**ڕامـان:** ئەوەنـدەی لەبیـرم بـێ، هەرخـۆت هەمـوو کتێبەکـەی پۆلـی سـێی ناوەندیـت کردبـوو بـە کـوردی؟

**حەسەن جاف:** بەڵێ.

**ڕامـان:** چونکـە هەندێـک کتێبـی دیکـە هـەن، بـە سـێ چـوار کـەس کردوویانـە بـە کـوردی، بۆیـە هەسـت دەکـەی هەریەکەیـان بەجۆرێـک کردوویەتـی بـە کـوردی و کوردییەکەیـان جیـاوازە، ئـەوەش بووەتـە هـۆی سەرلێشـێوانی قوتابیـان، ئەگـەر یەکدەسـت بـێ باشـترە، یـان ئەگـەر ویسـتوویانە بـە پەلـە تەرجەمـە بکرێـت، با سـێ چوار کەسیش کردبێتـی، دواجـار کەسـێکی پسـپۆڕ بـە هەموویـدا بچێتـەوە و دایبڕێژێتـەوە، بـۆ ئـەوەی لـە ڕووی ڕێنـووس و ڕێزمان و ڕەوانـی و کوردیبـوون و گەیاندنـی مەبەسـت و ئامانجەکـەوە یەکدەسـت بـێ؟

**حەسەن جاف:** بەڵێ، زۆر ڕاستە.

**ڕامان:** بێجگە لەوە تۆ کورتەچیرۆکت وەرنەگێڕاوە؟

**حەسەن جاف:** کورتەچیرۆکی خۆم وەرگێڕاوەتەوە.

**ڕامـان:** مەبەستم ئەوەیە تۆ زۆرجار کورتەچیرۆکی عەرەبـی و جیهانیـت خوێندووەتـەوە، چیرۆکێکـت

**هەق نییە کەسێک دەسەڵاتی بەسەر هەردوو زمانەکەدا نەشکێ، هیچ وەربگێڕێ و دەست بۆ وەرگێڕان ببات.**

بەدڵ بووبێ، حەزت کردبێ تۆ نووسەری ئەو چیرۆکە بوویتایە، ئایا حەزت نەکردووە ئەو چیرۆکە وەربگێڕی؟

**حەسەن جاف:** نازانم پێشتر باسم کرد، یان نا، عەرەب نووسەری گەورەی وەک نەجیب مەحفووز، یووسف ئیدریس و تەییب ساڵح و ئەمانەی هەیە، هەتا ئەم دەقەیە، هەرچەند ئێستا لێم بپرسی ڕووداوی ڕۆمانەکانیانم لەبیر نەماوە، بەڵام هەتا ئەم دەقەیەی کە لەگەڵ جەنابت دانیشتووم، «موسم الهجرة الى الشمال»ی تەییب ئەلساڵح-م لەبیر ناچێتەوە.

**ڕامان:** ئەوە یەکێک لە ڕۆمانە جوانەکانی (تەییب ئەلساڵح)ی سوودانییە، لە گرفتی نێوان ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات دەدوێ؟

**حەسەن جاف:** بەڵێ، ئاواتم دەخواست بمتوانیایە بیکەم بە کوردی و چاپی بکەم.

**ڕامان:** ئەم ڕۆمانە لەم ساڵانەی دواییدا وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی.

**حەسەن جاف:** نازانم، ئاگاداری ئەو وەرگێڕانە نیم، بەڵام ئێستا ئەو کارانەی دەمەوێ بیانکەم بریتین لە کۆکردنەوەی بەرهەمەکانی خۆم، وتارە ئەدەبییەکانم بەناوونیشانی «بارانەوشە»، وتارە سیاسییەکانم هەر بەو ناوونیشانە، وەک بەرگی دووەم، بەرگی سێیەمیش وتارە عەرەبییەکانم، هەر بەناوونیشانی (بارانەوشە)یە، واتە بەرگی یەکەم وتارە ئەدەبییەکان و بەرگی دووەم نووسینە سیاسییەکان، بەرگی سێیەم نووسینە عەرەبییەکانم، بەڵام بەداخەوە نووسینە ئەدەبییەکان، وەزارەتی ڕۆشنبیری بۆی چاپ کردم، بڕوات هەبێ ڕەنگە لەبیرم نەمابێ، بەڵام ١٥ ڕۆژ زیاتر خەریکی هەڵەچنییەکەی بووم، خۆم هەڵەچنیم کرد، کەچی کە چاپیان کرد، هەر بە هەڵەکانەوە چاپیان کردبوو.



**هەولێر (بەردەمی هۆڵی میدیا)، ٥/ ٣/ ١٩٨٨، لە ڕاستەوە: بورهان سابیر، نامیق عەلی قادر، حەسەن جاف.**

**ڕامان:** ئەو کتێبەتم نەدیوە.

**حەسەن جاف:** ئاخر تا ئێستا (بارانەوشە)م بە کەس نەداوە، لە ماڵەوە فڕێم داوە، چونکە هەڵەی زۆری تێدایە، بەرگی دووەم و سێیەمیشی بەکوردییەکەی پارەم نییە چاپیان بکەم، خۆزگە پارەم هەبوایە، ئەو وەرگێڕانەش (مەبەستی ڕۆمانەکەی تەییب ئەلساڵح)ە، لەبەر ئەوە نایکەم بە کوردی، چونکە توانایی چاپکردنیم نییە، ئەوەتا ناتوانم کتێبەکانی خۆشم چاپ بکەم.

**ڕامان:** ماوەیەکی زۆر باسی پێویستیی وەرگێڕان کرا، کە زۆر پێویستە بۆ کورد و دەبێ ئەو بۆشاییە گەورەیەی لە بواری وەرگێڕاندا هەمانە لە هەموو زمانەکانەوە وەربگێڕین و بۆشاییەکان پڕ بکرێنەوە، خەڵکێکی زۆر بە مەبەستی پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییانە، هەڵپەیەکی زۆریان کرد، هەڵپە، بۆ ئەوەی پەلاماری هەر کتێبێک بدەن و کتێبی قەبارە گەورە گەورە بکەن بە

کوردی، بۆیە ئێستا دەبینی پاشاگەردانییەکی زۆر پەیدا بووە، کتێبێکی زۆر وەرگێڕدراوە، بەڵام خەڵک دەڵێ خۆزگە هەر وەرنەگێڕدرایە، چونکە بووەتە مایەی قوڕبەسەرکردنی زمانی کوردی، تۆ لەم ڕووەوە چ دەڵێی، بیروڕات چییە؟

**حەسەن جاف:** من نموونەیەکت بۆ دێنمەوە، لە دەزگای موکریانی، دوو سێ کەسی تێدایە خەڵکی ئەودیون، ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕەسووڵ سوڵتانی و ساماڵ ئەحمەدی و شەهاب زرێبار و ئەوانە، زۆرجار کە کتێبێک کراوە بە کوردی، داویانە بە ئەوان، بە دەستییەوە شێت بوون، ئەرێ برایان ئەگەر وەرگێڕان نازانن، بۆچی تەرجەمەی دەکەنەوە. بەڕاستی ئەو قسەیەی جەنابت سەدلەسەد ڕاستە، ئەوجا ئەو کارەساتە هەر وەرگێڕان لە فارسییەوە بۆ کوردی نییە، لە عەرەبییەوە بۆ کوردیش هەروایە، وەک ئێستا عەرزم کردی، من لە کتێبی «الامارات الكردية فی العهد البويهي»دا، ئیدی باسی ئینگلیزی و فەڕەنسی و ئەڵمانی و ڕووسی ناکەم، هەق نییە خەڵکێک کە توانایی بەسەر هەردوو زمانەکەدا، زمانی سەرەکی و زمانی وەرگێڕانەکەدا نەشکێ، هیچ وەربگێڕێ و دەست بۆ وەرگێڕان ببات، چونکە ئەوە دەبێ بە بەشێک لە میراتی ئەو نەتەوەیە.

**ڕامان:** ئەگەر تێبینی بکەی، لە وەرگێڕانی ئەو کتێبانەی کە دەکرێنە کوردی، چ بابەتەکان و چ کتێبەکان، لە وەرگێڕانی ئەو بابەتانەدا، هاوسەنگی تێدا نییە، بۆ نموونە تەماشا دەکەی بە لێشاو لە فارسی و لە عەرەبییەوە کتێب وەردەگێڕدرێن، لە کاتێکدا پێویستە بایەخ بەو وەرگێڕانانەش بدرێت کە لە زمانی ئینگلیزییەوە، یان ئەوانەی فەڕەنسی، ئیسپانی، ئەڵمانی دەزانن و لێیەوە وەردەگێڕن، بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ لە دەستی یەکەمەوە، لەو زمانانەشەوە کتێب و بابەت بکرێنە کوردی؟

**حەسەن جاف:** من زۆرم پێ خۆش بوو ئاماژەت بەو نوختەیە کرد، نەک هاوسەنگی، تەنانەت دەتوانم بڵێم لە مەسەلەی وەرگێڕاندا سەرلێشێوانێکیش هەیە، بە زۆری هەندێک بابەت وەردەگێڕدرێن، واتە هاوسەنگی نییە. ئەوەی جەنابت ئاماژەت پێکرد، ئێمە ئێستا خەڵکێکی زۆرمان لە وڵاتان دەژین، لە ئەڵمانیا، لە فەڕەنسا، لە سوید و لە بەریتانیا و لە کوێ و کوێ هەن، ئەوانە نەک هەر بەرهەمی ئەو وڵاتانەیان نەکردووە بەکوردی، بەرهەمی کوردییشیان بۆ ئەو زمانانە وەرنەگێڕاوە، مەگەر تاکوتەرا هەبێت، کە نەمدیوە و ئەوەیان نازانم.

**ڕامان:** ئەوانەی هەردوو زمانەکە بەباشی دەزانن، بیانەوێ دەتوانن خزمەتێکی باشی ئەدەبیاتی کوردی بکەن، لەماوەی شەو و ڕۆژێکدا ئەگەر یەک لاپەڕە وەربگێڕن، ئەوە لە ساڵێکدا دەبێتە کتێبێکی (٣٦٠) لاپەڕەیی و ئامادە دەکرێ بۆ چاپ کردن.

**حەسەن جاف:** باشە ئەو لەوێ دانیشتووە، هیچ کاریشی نییە، دەی با بەرهەمی دوو ئەدیبی کورد بکات بە فەڕەنسی، ئینگلیزی، ڕووسی، سوێدی، ئەڵمانی، من ئەمەش لەبەر ئەوە ناڵێم کە کوردم، یان نووسەرم، بەڵام دڵنیام ئەگەر ویژدانیان هەبێت، چیرۆک، یان ڕۆمانی کوردی تەرجەمە بکرێت، هیچی لە ئاست و ڕادەی چیرۆک و ڕۆمانەکانی جیهان کەمتر نییە، کە نووسەرەکانیان ناوبانگیان پێ دەرکردووە.

**ڕامان:** پیاو هەقی بڵێ، ئەوانیش لە ئەورووپا کێشە و گرفتی خۆیان هەیە، دەست بەتاڵ و بێ ئیش نین، بڵێی کاریان نەبێ و دانیشتبن، جگە لەوەی تۆ دەیڵێی، خەڵکی واش هەن،

کێشەی ئەوەیان هەیە، هەرچەندە ساڵانێکی زۆر لەوێ ژیاون، کەچی بایەخیان بە زمانی زگماک، زمانی دایکی خۆیان نەداوە، چونکە ئەوان زیاتر گرنگیان بە زمانی دووەم داوە، کە لەوێ فێری بوون و خوێندوویانە، ڕاستە ئەو زمانە بووەتە زمانی کارکردن و بژێوی و ژیانی ڕۆژانەیان، بەڵام زۆر لە زمانەکەدا قووڵ نەبوونەتەوە و بە تەواوی پێچوپەنا و نهێنییەکانی شارەزا نەبوون، بۆیە دەبینی ئەو کەسانەش وەرگێڕانەکانیان جێی پشت پێبەستن نین، لەبەر ئەوەی زمانە سەرەکییەکەیان کە زمانی دایکە، لەبیریان چووەتەوە، یان کەمێکی لێ دەزانن، لەبەر ئەوەیە ئەگەر بەڕێکەوت تەرجەمەش بکەن، ئەوە زەرەریان لە قازانجیان زیاترە، تۆ لەم بارەوە دەڵێی چی؟

**حەسەن جاف:** قسەکەت زۆر ڕاستە، کاتی خۆی من بۆ سەردان چووم بۆ تورکیا، ئەوجا ئەو ڕۆژە چووم بۆ لای دوکتۆر نووری تاڵەبانی، گوتیان خەریکی چاپکردنی دیوانی (شێخ ڕەزای تاڵەبانی)یە، ئەوەم بۆ باس کرد، لە تورکیا، لە کتێبخانەی ئەیاسۆفیا، ٣٦ شیعری بڵاونەکراوەی (شێخ ڕەزای تاڵەبانی)م بە زمانی تورکی دۆزییەوە، کە لە هیچ دیوانێکیدا بڵاو نەکراوەتەوە، کاتی خۆی ئەو شیعرانەم لەگەڵ دەفتەرێکی دەستنووسی خاڵم دایە شێخ محەمەدی خاڵ، ئەو لە کتێبەکەیدا ئاماژەی بە ناوی من کردووە، بەداخەوە شێخ محەمەدی خاڵ بە ڕەحمەتی خودا چوو، بەڵام ئەوە چەند ساڵە بە کوڕەکەی دەڵێم دەفتەرەکەم بۆ بگەڕێنێتەوە، کەچی دەفتەرەکەم ناداتەوە، وابزانم مامۆستای زانکۆیە.

**ڕامان:** بۆچی بۆی نەگەڕاندیتەوە؟

**حەسەن جاف:** کاتی خۆی پێم گوت مامۆستا، من ئەو دەفتەرەم ناوێ بازرگانی پێوە بکەم، دەفتەرێکی ١٥ لاپەڕەیییە، بەڵکوو تەنیا یادگارییەکی خاڵمە کە بۆ من ماوەتەوە، خاڵم لە ژیانمدا، باوکم بوو، برام بوو، مامۆستا و هەموو شتێکم بوو، حەز دەکەم ئەو دەفتەرە لە کتێبخانەکەمدا بمێنێ، ئێستاش و ئەوساش نەیدامەوە. کە بیستم ئەکادیمیا ئەو کارە دەکەن، چووم بۆ لای دوکتۆر نووری تاڵەبانی پێم گوت، ئەگەر دەتوانی بە کوڕەکەی شێخ محەمەدی خاڵ بڵێی، بەڵکوو دەفتەرەکەم بۆ بگەڕێنێتەوە، مەعزەرەتی هێنایەوە و گوتی ئەوە نابێ. لەگەڵ م. حەمەبۆر کتێبخانەی مووزەی نیشتمانیی قاهیرە، نزیکەی ١٢٠ کتێبمان کرد بە لیستێک و ناردمان بۆ ئەوێ. خەڵک بۆ ڕابواردن و بۆ کەیف و سەفا، بۆ قاهیرە و بۆ تورکیا دەچوون، کەچی من خەریکی ئەو شتانە بووم.

**هەوڵم داوە بە زمانێکی کوردیی پاراو کتێبەکان وەربگێڕم، زۆر بە خراپیش ئازادی بەکار دەهێنین.**

**ڕامان:** لیستی ئەو ١٢٠ کتێبەت بۆ کوێ نارد؟

**حەسەن جاف:** بۆ (کۆڕی زانیاریی کورد)ی ئەوسام نارد، لەخوا بەزیاد بێ، ئێستاش لەتیف گلی ماوە.

**ڕامان:** ئێوە لیستەکەتان نارد کە کتێبەکان بکڕنەوە، یان چی لێ بکەن؟

**حەسەن جاف:** نازانم، ئیدی ئەوان خۆیان بڕیاریان لێ دەدا.

**ڕامان:**، بۆ ئەوەی فۆتۆکۆپییەکیان لەبەر بگرنەوە و لە کتێبخانەکەی خۆیان دایانبنێن تا توێژەران سوودیان لێ وەربگرن؟

**حەسەن جاف:** ئەوجا لە هەمووی نوکتەتر ئەوەبوو، کابرای کتێبخانەی مووزەی نیشتمانیی

میسر، نەیدەهێشت ئەو کارە بکەم، بەهەرحاڵ، چەند ڕۆژ دواتر، ڕۆژێک لێی تووڕە بووم، گوتم خەڵک دێ بۆ قاهیرە بۆ کاری خراپ، هەرچەندە جوان نییە ئەوها قسە دەکەم، بۆ بێڕەوشتی دێن، من گەنجێکم هاتووم بەدوای ڕۆشنبیریدا دەگەڕێم، تۆ بۆچی وام لەگەڵدا دەکەی! گوتی تۆ بەدوای چیدا دەگەڕێی؟ گوتم بەدوای هەر کتێبێکدا دەگەڕێم کە لەسەر کورد بە زمانەکانی کوردی، عەرەبی، تورکی، ئینگلیزی نووسرابێت، ئەو چوار زمانە دەزانم. هێشتا قسەکەم تەواو نەکردبوو، چاوی پڕ بوو لە ئاو، گوتی ئەز ژی کرمانجم. گوتم دەی باشتر. دەرکەوت ئەویش کوردە، ئیدی ئەو زۆر یارمەتیدام.

**ڕامان:** ڕێکەوتێکی خۆشە کە کورد بووە و لە قاهیرەش ژیاوە؟

**حەسەن جاف:** بەڵێ، کورد لەوێ زۆر بوون، کورد لە قاهیرە زۆرن، تەنانەت لە سعودیەش کوردی لێیە.

**ڕامان:** بێجگە لە زمانی عەرەبی، زمانی تورکیش دەزانی، بەڵام هیچ وەرگێڕانێکتم لە زمانی تورکییەوە بۆ کوردی، یان لە کوردییەوە بۆ تورکی نەدیوە؟

**حەسەن جاف:** نەخێر، لە تورکییەوە وەرگێڕانم نییە، عەرەبییەکەم بەلاوە ئاسانترە. من ئینگلیزییەکی باشیشم دەزانی، کە دوای ساڵانی حەفتاکان دەستم دایە نووسینی کوردی و خوێندنەوەی عەرەبی، چیرۆک و ڕۆمان، بڕوا بکە ئێستا زمانەکەم لەبیر چۆتەوە، غازی حەسەن ڕۆژنامەیەک بە ئینگلیزی دەردەکات، نوسخەیەکی دامێ، کە دەمخوێندەوە تێی نەدەگەیشتم. هەر ڕستەیەکم دەخوێندەوە دەگەڕامەوە سەر قامووس، کەچی پێش ساڵی ١٩٧٠ بەدەگمەن تەماشای قامووسم دەکرد.

**ڕامان:** پێم سەیرە بەو ڕادەیە زمانەکەت لەبیر چووەتەوە؟

**حەسەن جاف:** وەک هەموو شتێک، زمان بەکاری نەهێنی لەبیرت دەچێتەوە. ئێستا تورکییەکە، نەک هەر تورکی، چونکە چەند ساڵ بوو نەمدەتوانی بچمە کەرکووک، ئەمری گرتن و لەسێدارەدرانم لەسەر بوو، نەمدەوێرا بچم بۆ کەرکووک، ئێستا کە دەچمە کەرکووک لەگەڵ برادەرە تورکمانەکانم، ئەوانەی لە قوتابخانە بە یەکەوە بووین، یان ئەوانەی پێکەوە مامۆستا بووین بە تورکمانی قسە ناکەم، چونکە کە قسە دەکەم دەبینم لەبیرم چووەتەوە و ڕادەوەستم، بۆیە دەبێ پێی بڵێم تۆخوا ئەوە چی پێ دەڵێن.

**ڕامان:** ئەوە بۆ قسەکردن وا بێ، بۆ وەرگێڕان قورستریشە؟

**حەسەن جاف:** هەر لەبەر ئەوە وەرگێڕانەکەشم پێ ناکرێت.

**ڕامان:** باشە، لە دەرەنجامدا، بە بۆچوونی ئێوە وەرگێڕانی ئەو کتێبانەی کە ئێستا بەلێشاو وەردەگێڕدرێن، تا چەند خزمەتی زمانی کوردی کردووە؟

**حەسەن جاف:** ناتوانم بڵێم خزمەتی زمانی کوردی کردووە، یان نا، ئەوە دەبێ یەکێک ئەو قسەیە بکات کە لە زماندا پسپۆڕ بێت. خۆم هەوڵم داوە بە زمانێکی کوردیی پاراو کتێبەکان وەربگێڕم، بەڵام دڵنیام وەرگێڕانەکان خزمەتی مێژووی کورد دەکەن، زۆربەی خەڵکی کورد عەرەبی نازانن، کە تۆ مێژووەکەی بۆ بکەی بە کوردی و بیخوێنێتەوە، سەدلەسەد کەڵکێکی بۆی دەبێت.

**ڕامان:** ئەگەر بە مەبەستی وەرگێڕانی کتێب بۆ سەر زمانی کوردی، خۆت سەرپشک بکرێی، پێت خۆشە چ کتێبێک وەربگێڕی، ناوی کتێبەکەمان

پێ بڵێ؟

**حەسەن جاف:** من زیاتر پێم خۆشە کتێبەکە ئەدەبی بێت.

**ڕامان:** لە بواری ئەدەبەکەدا، چ کتێبێک لە بیرتدا هەیە، کە پێت خۆشە وەری بگێڕی؟

**حەسەن جاف:** جەنابت دەڵێی (موسم الهجرة الى الشمال) کراوە بەکوردی، کێشەی من ئەوەیە شتم لەبیر نامێنێت، ئەگەر ببینم پێم خۆشە کرابێت، بۆ من قەیناکە ڕۆمان و چیرۆک وەربگێڕم، هەرچەند ئەویش دەبێ بە شارەزاییەوە وەری بگێڕی، چونکە سیحری چیرۆک و ڕۆمان لە وشەدایە، کە پێی نووسراوە، بەڵام من بە هیچ جۆرێک لەگەڵ وەرگێڕانی شیعردا نیم، چونکە جوانیی شیعر لە زمانەکەی خۆی دایە، لە بەکارهێنانی وشە و زاراوەکانی خۆی دایە، کە کردت بە زمانێکی دیکە، ئەو جوانییەی لەدەست دەدا.

**ڕامان:** دیارە تۆ شیعریش دەخوێنیتەوە؟

**حەسەن جاف:** شیعر دەخوێنمەوە، بەڵام تەرجەمەی ناکەم.

**ڕامان:** پێت وا نییە پێویستە شیعریش تەرجەمە بکرێت؟

**حەسەن جاف:** بۆ ناساندنی ئەدەبی کوردی بە جیهان پێم باشە شیعریش وەربگێڕین، بەڵام بە مەرجێک کەسێک بیکات کە بتوانێت، دەبێ ئەو کەسە هەم شاعیر بێت و هەم زمانەکەیش بە باشی بزانێت، پێم وایە ئەو جۆرە کەسە جوانتر تەرجەمەی دەکات.

**ڕامان:** وەرگێڕان وەک پێویستییەکی لێهاتووە، واتە ناتوانی وەپشتگوێی بدەی، ئەگەر وەرگێڕان نەبوایە، ئێمە شاعیرانی گەورەی وەک بۆدلێر و ڕامبۆ و ڤرلین و مالارمێ و ئیلیەت و لۆتریامۆن و سان جۆن پێرس و ئەوانەمان نەدەناسی؟

**حەسەن جاف:** بیروڕاکەت زۆر ڕاستە.

**ڕامان:** دوای ئەوەی باسی وەرگێڕانمان کرد، با بێینە سەر تەوەری ڕۆژنامەوانی، پێشتر باسی ئەوەمان کرد، ئەو کاتەی کەماڵتان لە سلێمانی بوو، لە ناوەندیی کاژاو، گۆڤاری (کاژاو)تان دەرکرد، هەر ئەو کاتە دانەیەکت لە گۆڤارەکە دامێ، لەبیرمە تەنیا یەک ژمارەتان لێ دەرکرد، بێجگە لەو گۆڤارە، پرسیارم لێ کردی کە کاری هاوشێوەی ئەو گۆڤارەت کردووە، بە نەخێر وەڵامت دامەوە، دیسان دەپرسم ئەوە یەکەم هەوڵی تۆ بوو بۆ کاری ڕۆژنامەوانی، یان هەوڵی دیکەشت هەیە؟

**حەسەن جاف:** وەک عەرزم کردی ساڵی ١٩٦٤ کە لە شاخ گەڕامەوە، لە ڕۆژنامەی «صوت العرب»، مانگی بە ١٥ دینار دامەزرام، لەو ڕۆژنامەیەدا گۆشەیەکم بە ناوونیشانی «کلمات عابرة» هەبوو. دوایی کە چوومە سعودیە، لە سعوودیەش هەندێ وتارم نووسی، کە بابەتی کۆمەڵایەتی و شتی ڕۆژانە بوون، ئەوانیشم هەر نەماون، دیارە نەک هەر ئەوە، ئەوانەی ڕۆژنامەی «صوت العرب»یشم فەوتاون، کە گەڕاینەوە، یەکەم جار لە کەرکووک بووم، دوایی ناردیانم بۆ سلێمانی، لە سلێمانی ئەو ژمارەیەی گۆڤاری (کاژاو)م دەرکرد، عەلی بۆسکانی پارەی داینێ، ئیدی کە ئەو بەڕەحمەتی خوا چوو، پارەمان نەبوو ژمارەی دیکە دەربکەین.

**ڕامان:** بە تەواوی چ ساڵێک بوو هاتییە هەولێر؟

**حەسەن جاف:** لە ساڵی ١٩٨٦ـەوە هەتا ڕاپەڕین هاتمە هەولێر، لە زانکۆ بووم، دوای ئەوە لە ڕاپەڕین بەدواوە لە ڕۆژنامەی بەغداد، ئەو ڕۆژنامەیە بە شێوەی پەرە پەرە بۆمان دەهات، بەڵام ئێمە لە چاپخانەی زانکۆ دەمانکرد بە ڕۆژنامە، حەمید بەدرخان ئاگادارە، ئەوسا

ئـەو لـەوێ بـوو، وابزانـم لـەوێ دوو سـێ وتـارم بـە عەرەبـی لەسـەر نـەورۆز و ئـەو جـۆرە شـتانە نووسـیوە، پاشـان جۆرێـک لـە جیابوونـەوە ڕووی دا، کابرایەکـی لـێ بـوو، سـەروکاری ڕۆژنامەکـەی دەکـرد، عەدنـان محەمـەد نـووری، لـە سـپادا عەمید بـوو، دیارە لـە بەغدا ڕای کردبوو، گوتـی حـەز دەکـەم گۆڤارێـک دەرکـەم تـۆ سەرپەرشـتیی بکـەی، گوتـم قـەی چـی دەکا، کـە گۆڤارەکـەی دەرکـرد، بەحیسـابی خـۆی مـن سەرنووسـەر بـم، وابزانـم ژمارەیـەک، یـان دووان بـوو، مـن سەرنووسـەری ئـەو گۆڤـارە بـووم.

**ڕامان:** ئەو گۆڤارە ناوی چ بوو؟

**حەسـەن جـاف:** «آفـاق عربیة»، من سەرنووسـەری بـووم، کارەکـەش هـەر سەرپەرشـتیی چاپەکـەی بـوو، کەسـی دەسـت نەکـەوت ناوەکـەی لەسـەر دابنـێ، (بەپێکەنینـەوە) منـی دەسـت کـەوت.

**ڕامـان:** لەسـەردەمی فەرمانڕەوایـی بەعـس، لـە بەغـدا گۆڤارێـک هەبـوو بـەو نـاوەوە دەردەچـوو.. ئەوەنـدەی بتناسـم تـۆ پیاوێکـی نەتەوەیـی بـووی، زیاتـر مەیلـت بـۆ لای کوردایەتـی و کاروباری کوردەوە دەچـوو، چۆنـە ئەوسـا لـە ڕۆژنامـەی «صـوت العـرب» و لـەم دواییەشـدا، پـاش ڕاپەڕیـن لـە گۆڤـاری ئافـاق عەرەبییـە و ئەمانـەدا کارت کـردووە، ئەمانـە دوو شـوێنن خەریکـی عیراقچێتـی بوون، کە لەگـەڵ کـورد و کوردایەتـی یـەک ناگرنـەوە؟

**حەسـەن جـاف:** وەک پێشـتریش عـەرزم کـردی مەسـەلەی «صـوت العـرب» ناچـاری بـوو، ئەگـەر شێخ جەبار تاهیر شـەریف لەوێ داینەمەزراندبامایە، دەبوو واز لـە زانکۆ بێنـم، چونکـە نـەک خاڵـە مـەلا ئەحمـەدم، بگرە خاڵـە حاجیم، کـە داوای پارەمـان لێکـرد تـا مانگـی ٥ دینـارم بداتـێ، ئـەو کاتـە نەنکم نانەوایـی ماڵانـی دەکـرد، ئـەو مانگـی ٥ دینـاری بـۆ دەنـاردم، خاڵـە مـەلام پێـی گـوت، تـۆش مانگـی ٥ دینـاری بـدەرێ، بـا کوللییەکـەی بخوێنـێ. گوتـی نایدەمـێ. گوتـی بۆچـی نایدەیتـێ؟ گوتـی سـاڵێکی بـۆ کـێ لەکیـس خـۆی دا، بـا ئـەو پـارەی بداتـێ، ئەوجا داوای پـارەم لـە پارتـی کـرد، پارتیـش گوتـی نیمانـە، ئەوسـا پارتـی بوویـن، لەبـەر ئـەوە شـێخ جەبـار شـێخ تاهیـر ئـەو ئیشـەی بـۆم دۆزییـەوە. مانگـی ١٥ دینـار بـۆ مـن زۆر بـوو، وەک پێشـتر عـەرزم کـردی، مانگـی یەکـەم ١١ دینـار و شەسسـەد فلسـم وەرگـرت، چونکـە سـێ چوار ڕۆژ لـە مانگەکـە تێپەڕیبـوو، باوەڕ بکـە شـەش جار چووم پارەکـەم حیسـاب کـرد.

**ڕامـان:** ئـەی پێوەندیـت بـە ڕۆژنامـەی (بغـداد)ی ویفاقـی وەتەنـی (ئەیـاد عەلاوی)یـەوە چـۆن بـوو؟

**حەسـەن جـاف:** بەنیسـبەت ڕۆژنامـەی بەغدادیـش هـەر شـتێکی وا بـوو، بـەڵام یـەک دێـڕم نەنووسـیوە پێچەوانـەی بیروبۆچوونـی خـۆم بێـت، مـن لـە ڕۆژنامـەی بەغـداددا وتـارم لەسـەر نـەورۆز هەیـە، وەک نەتەوەییـیـەک وتارەکـەم نووسـیوە، بێجگـە لـەوەش شـوان داوودی بـۆ سەرنووسـەریی ڕۆژنامەی ڕزگاری داوای لێکـردم، ئەویـش هـەروەک ئەوانـی پێشـوو، بەمیشـم گـوت مـن دێـم کارم بەسـەر حزبەکەتانـەوە نییـە، کـە ئێـوە چـۆن بیـر دەکەنەوە و چـی دەکـەن، سـەروتار بـۆ ئێـوە و ئـەوەی دیکەی بـۆ مـن، بـەو مەرجـە سەرنووسـەریتان بـۆ دەکـەم، لەخـوا بەزیـاد بـێ، شـوان داوودی مـاوە.

**ڕامـان:** ئـەو ڕۆژنامەیـە چەنـد ژمـارەی لـێ دەرچـوو؟

**حەسـەن جـاف:** بـە تـەواوی لەبیـرم نییـە، بـەڵام دەزانـم زۆری لـێ دەرچـوو. مـن لـەوێ سەرنووسـەر بـووم، بێجگـە لـەو ڕۆژنامەیـە، سەرنووسـەری ڕۆژنامـەی (هەرێم)یـش بـووم، دوای ڕاپەڕیـن کـە لەپێشـدا خزمەتەکـەم گواسـتەوە وەزارەتـی ڕۆشـنبیری، لـەوێ کـرام بـە بەڕێوەبـەری ئاژانسـی

دەنگوباسی کوردستان — وکالة انباء کردستان، دوایی کرام بە بەڕێوەبەری گشتیی ڕاگەیاندن و سەرنووسەری ڕۆژنامەی هەرێم.

**ڕامان:** لە ڕۆژنامەگەریدا دوو شت هەیە کە زۆرجار ڕۆژنامەنووس لێی تێکەڵ دەبێت، بۆ نموونە هەیە لە ماڵەوە دانیشتووە، یان لەسەر سنگ وتار دەنووسێ و بۆ ڕۆژنامەیەکی دەنێرێت، ئەوە ڕۆژنامەنووس نییە، ئەوە وتارنووسە، ڕۆژنامەنووس ئەو کەسەیە کە بە کردەوە خۆی بۆ پیشەی ڕۆژنامەگەری تەرخان بکات و لەو گۆڤار و ڕۆژنامەیەدا کار بکات و لە نزیکەوە بۆنی مەرەکەب و کاغەز و چاپخانەکەی بەسەردا تێپەڕێ و هەست بە زەحمەتیی ئیشی ڕۆژنامەگەری بکات، تۆ لە هەندێکیاندا زیاتر وەک نووسەر تێیاندا بەشدار بووی و بابەتت بۆیان ناردووە، نەک وەک ڕۆژنامەنووس کارت کردبێ، وا نییە؟

**حەسەن جاف:** بەڵێ بەڵێ، هەروا بووە.

**ڕامان:** بۆیە لەو حاڵەتەدا تۆ کاری ڕۆژنامەوانیت نەکردووە، بەڵام لەو شوێنانەی کە وەک سەرنووسەر کارت کردووە، لەوانەدا کاری ڕۆژنامەوانیت کردووە، چونکە ئەو کارە خۆتەرخانکردنی تەواوی دەوێت؟

**حەسەن جاف:** بڕوا بکە لەوەشدا کەس هەستی نەکردووە من سەرنووسەرم، چونکە من بڕوام بە شتێک هەیە، نووسەرێتی، یان ڕۆژنامەنووسی پێوەندیی بە دەوام و مێز و کورسییەوە نییە، بڕۆ کاری خۆت بکە و ئەوەی لێت داوا کراوە بیهێنە و تەواو. ئێستا خانەی موکریانی تا ڕادەیەک حاڵەتێکی وای هەیە. کتێب دەدا بە جەنابت و دەڵێ تەرجەمەی بکە، دەتوانی لە ماڵەوەش دانیشی و تەرجەمەی بکەیت، هەرچەندە لەوێ فەرمانبەریش بیت.

**ڕامان:** کاری ڕۆشنبیری، یان کاری ڕۆژنامەوانی تایبەتمەندیی خۆی هەیە، ڕاستییەکەی دەبێ حیسابی فەرمانبەرێکی دەروەست بە مێز و کورسییەوەی لەگەڵ نەکەی، لێرەدا ئەوەندەی بەرهەمەکە، چۆنایەتیی بەرهەمەکە و جۆری کارەکە مەبەستە، ئەوەندە دەوامکردن و ئیمزاکردن و هەندێک ئەرکی فەرمانبەریی، ڕەنگە لەو شوێنانەدا زۆر مەبەست نەبن.. ئەو کاتانەی لە ڕۆژنامەنووسیدا، لە دەرەوەی ڕژنامەنووسی کارت کردبێت، یان لەناو ڕۆژنامەوانیدا کارت کردبێت، چەند جار گۆشەت هەبووە؟

**حەسەن جاف:** لە «صوت العرب» گۆشەم بەناوی «کلمات عابرة» هەبوو.

**ڕامان:** بابەتەکانی ئەو گۆشەیەت لە بارەی چییەوە بوون؟

**حەسەن جاف:** زیاتر باسی کێشەی قوتابیان بوون، ئەوسا خۆم قوتابی بووم، کێشەی قوتابیان و زانکۆ و ئەو کەموکووڕییانەی لە زانکۆ بە بەرچاوم دەکەوتن، تەنانەت لەبیرم دێ وتارێکم لەسەر زانکۆ نووسی، فەوزی عەبدولواحید نەیهێشت بڵاو بێتەوە، گوتی ئەمە کێشەمان بۆ دروست دەکات.

**ڕامان:** ئەگەر ئێستا بتەوێ سەرجەم نووسینەکانت کە لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بڵاوبوونەتەوە، کۆیان بکەیتەوە، پێت وایە ئەو نووسینانە ڕووی ئەوەیان هەبێ لە کتێبێکدا کۆیان بکەیتەوە و بڵاوی بکەیتەوە؟

**حەسەن جاف:** جێی دەبێتەوە، بەڵام گرفتەکە ئەوەیە نایاندۆزمەوە، ئێستا من «صوت العرب» لە کوێ بێنم؟

**ڕامان:** ئەگەر بتەوێ لە بەغدا ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانە پەیدا دەبن.

**حەسەن جاف:** نا، باوەڕ ناکەم لە بەغداش پەیدا بێت، بڵێ بۆ؟ وابزانم کاتی ڕووخانی ڕژێمی پێشوو چوون (کتێبخانەی نیشتمانی)یان سووتاند،

ئەوەی لە بەرانبەر وەزارەتی بەرگری عێراق بوو، هەموو ڕۆژنامە و گۆڤارەکان لەوێ بوون، بەداخەوە ئەم خەڵکە نرخی ڕۆشنبیری، نرخی مێژوو نازانێ، باشە دە تۆ بڕۆ ماڵە بەرپرسێک بسووتێنە، کە بەعسییەکی دڕندە بووە، هەرچییەک بووە، ئاخر بۆچی کتێبخانە دەسووتێنی؟! بەهەرحاڵ، گۆشەیەکی دیکەم لە ڕۆژنامەی هەرێم بەناوی (بە دەنگی بەرز) هەبوو، خۆت دەزانی من نازانم بە چیە قسە بکەم (بەپێکەنینەوە)! گۆشەکەشم بە دەنگی بەرز دەنووسی.

**ڕامان:** قسەی خۆش کە قافی هات، با بکرێ و ون نەبێ، دەنگیشت زۆر بەرزە! تۆ زۆر جار کە قسەی ئاساییش دەکەی، خەڵکی وا دەزانن شەڕ دەکەی، بۆیە ئەو تۆنی دەنگەت بە کەڵکی ڕۆمانسییەت و دڵداری نایەت!

**حەسەن جاف:** (بە پێکەنینەوە) بۆیە گۆشەکەشم هەر بەناوی (بەدەنگی بەرز) بوو.

**ڕامان:** ئەو گۆشەیەی خۆت بەدڵ بوو، لە ئاستی خواستی تۆدا بوو؟

**حەسەن جاف:** خۆم بەدڵم بوو، لەبەر ئەوەی هەرچیم بنووسیایە دەمنووسی و گوێشم بەکەس نەدەدا، دواییش من بەڕێوەبەری گشتی بووم، ئەوە بوو لەوێ کۆمەڵێک وتارم نووسی، ئەوانەم لە کتێبی (کەرکووکییەکان بار کەن بڕۆن)دا کۆ کردەوە، ئیدی ئەوە بوو ئەوەیان لەگەڵ کردم، کە کردیان و پێویست ناکات باسی بکەم. من نازانم درۆ و زمانچەوری بکەم، ئەوەی ڕاست بێ دەیڵێم، تەنانەت ئەگەر زەرەری بۆ خۆیشم هەبێت.

**ڕامان:** لە ژیانی نووسینتدا هەست ناکەی لە شوێنێک، یان لە نووسینێکدا زمانچەورییەکت کردبێت؟

**حەسەن جاف:** بڕوا ناکەم.

**ڕامان:** ئەی زوڵم و ستەم، یان غەدرت لە کەسێک کردبێت و دوایی هەستت کردبێت لەو نووسینەتدا ناهەقی و غەدرت کردووە؟

**حەسەن جاف:** ڕەنگە ئەمەیان ڕووی دابێ، نەک حەزم کردبێت غەدر لە کەسێک بکەم، لەوانەیە بەبێ ئەوەی بمەوێ نووسینەکەم وا کەوتبێتەوە، ئەگینا قەت نەمویستووە تانە لە کەس بدەم و غەدر لەکەس بکەم، قەتیش لە یەک دێڕی خۆم نووسیبێتم پەشیمان نیم.

**ڕامان:** تۆ لە پاشکۆی عیراق گۆشەت هەبوو؟

**حەسەن جاف:** وابزانم، بڕوا بکە لەبیرم نییە، تۆ لەبیرتە؟

**ڕامان:** بەڵێ، لە ڕۆژنامەی پاشکۆی عیراق گۆشەیەکت هەبوو، تەنانەت جارێک لەگەڵ غەفوور ساڵح عەبدوڵڵا کێشەیەک، مشتومڕێک لەنێوانتان دروستبوو؟

**حەسەن جاف:** ئەهاااااا، ڕاستە، ئەوەم لەبیر نەبوو. لەگەڵ غەفوور ساڵح کێشەکە لەسەر ئەوە بوو، ئەو دەیگوت من چیرۆکم بۆ قادسیە نەنووسیوە.

**ڕامان:** باش لە بیرمە تۆ لە گۆشەکەی خۆتدا، کتێبەکەی ئەوت بە خوێنەران ناساندبوو؟

**حەسەن جاف:** من بە ئەنقەست کتێبەکەی ئەوم ناساند، ئەو دەیگوت من کتێبم بۆ قادسیە نەنووسیوە. دەی ئەو لە پێشبڕکێی ڕۆمانی قادسیەدا بەشداری کردبوو.

**ڕامان:** ئەوجا ئەوەمان بۆ باس بکە، ئەوەی تۆ لەوێ هەتبوو، گۆشە بوو؟

**حەسەن جاف:** بەڵێ، ئەوەم هەر لەبیر نەمابوو، باش بوو بەبیرت هێنامەوە.

**ڕامان:** زۆرجار باس کراوە و باس دەکرێ، کە تۆ لە ڕۆژنامەی (ئاسۆ)ش بووی، تۆ لەوێ کارت کردووە؟

**حەسـەن جـاف:** مـن قـەت قـەت لـە ڕۆژنامـەی ئاسـۆ کارم نەکـردووە.

**ڕامـان:** ئـەی بۆچـی دەڵێـن تـۆ لـە دەسـتەی دامەزرێنــەر و نووســەرەکانی ئــەو ڕۆژنامەیــەی؟

**حەسـەن جاف:** (بەپێکەنینەوە) بەهەرحاڵ، کاک ئـازاد، سـوپاس بـۆ ئـەو خوایـە کـە عەبدولوەهـاب تاڵەبانـی مـاوە، زینـدووە و ئێسـتاش بەڕێوەبـەری نووسـینگەی «الصـوت الآخر»ـە لـە ئوسـترالیا. دەتوانـی پرسـیاری لـێ بکـەی، مـن قـەت قـەت نـە لـە ڕۆژنامـەی ئاسـۆ و نـە لـە دامەزرێنەرانـی ئـەو ڕۆژنامەیـە بـووم، بـەڵام لەکاتـی دەرچوونـی ڕۆژنامەکـە، ئـەو ماوەیـە مـن لـە بەغـدا بـووم.

**ڕامـان:** وابزانـم لـە ئاهەنگی کردنەوەکەیدا ئامادە بووبووی؟

**حەسـەن جـاف:** ئـێ مـن لە بەغـدا بـووم، ئاهەنگە و بانگهێشـت کـراوم، ئێسـتا ئەگەر ڕامـان ئاهەنگێک بـکات و تـۆ بـە مـن بڵێی وەرە، نایەم؟ عەبدولوەهاب تاڵەبانـی بـە منـی گـوت وەرە و منیـش چـووم. عەبدولوەهـاب تاڵەبانـی برادەرمـە، خواهەڵناگـرێ پیاوەتـی بەسـەرمەوە هەیـە، دەیناسـم و پێـی گوتـم کـە شـتێکی وا هەیـە، بـەڵام ئەوانـەی لـەوێ بـوون، بـۆ نموونـە، حەمـەی موکری، سەرنووسـەر بـوو، ئـازاد بەرزنجـی سکرتێری نووسـین بوو، مـن ئەوانـەم بـە شـایەد هێناوەتـەوە، ئەوانـە لـەوێ بـوون، فەرمـوو بـا بڵێـن حەسـەن جـاف ڕۆژێـک لـە ڕۆژان لـە ڕۆژنامـەی (ئاسـۆ)دا کاری کـردووە.

**ڕامـان:** ڕۆژنامـەی ئاسـۆ شـتێکی وەهـا خـراپ بـوو کـە تـۆ ئـاوا بـە حەماسـەتەوە دەتـەوێ خۆتی لـێ بێبـەری بکـەی؟

**حەسـەن جـاف:** مـن ناڵێـم خراپـە، یـان چاکـە، ئـەوە ناڵێـم، بـەڵام کـە ئـەوان بـە مـن دەڵێـن لـە ڕۆژنامـەی ئاسـۆدا کاری کـردووە، من لـە ئاسـۆ کارم نەکـردووە. نامەیەکـم هەیـە، عەبدولوەهـاب تاڵەبانـی داوای لـێ کـردم نوێنـەری ڕێوڕەسـمی ئاسـۆ بـم لـە هەولێـر، ئەوسـا ماڵـم لـە هەولێـر بـوو، وەڵامـم دایـەوە و گوتـم مـن ئەدیـبم، چیرۆکنووسـم، پەیامنێـر نیـم، ئـەو کارە ناکـەم و ئـەوە کاری مـن نییـە، نامەکەشـم هەیـە. (هیـوادارم منداڵەکانـی ئـەو ئەرشـیڤەی باوکیـان بپارێـزن)

**ڕامـان:** وابزانـم تەمەنێکـی کـەم نییـە تـۆ کاری ڕۆشـنبیری دەکـەی، لـە ژیانـی ڕۆشـنبیریی خۆتـدا چەنـد جـار خـەڵات کـراوی؟

**حەسـەن جـاف:** ئـەوە لـەو نووسـینەوە بەبیـرم هاتـەوە، لـە ماڵـەوە بـەدوای شـتەکاندا گـەڕام، حـەوت جـار ڕێـزم لـێ نـراوە.

**ڕامـان:** دەتوانـی خەڵاتـەکان و سـاڵەکانم پـێ بڵێـی؟

**حەسـەن جاف:** ئەوە زەحمەتە، ساڵەکانی نازانم.

**ڕامان:** هی پێش ڕاپەڕین چەند جار بووە؟

**حەسـەن جـاف:** بەهیـچ جۆرێـک لـە پێـش ڕاپەڕین ڕێـزم لـێ نەنـراوە.

**ڕامـان:** کەواتـە خەڵاتـەکان هەموویـان هیـی دوای ڕاپەڕیـن بـوون؟

**حەسـەن جـاف:** بەڵـێ، دوای ڕاپەڕیـن بـوون، وەزارەتـی ڕۆشـنبیری لـە سـلێمانی، بنکـەی گەلاوێـژ - لقـی کەرکـووک، یەکێتیـی نووسـەرانی کـورد- لقی هەولێـر، یەکێتیـی نووسـەرانی عێـراق، دەزگای هـەواڵ، (لەسـەر ڕۆمانـی ئەنفـال)، لـە یـادی (مـەلا جەمیـل ڕۆژبەیانی)یشـدا ڕێـزم لـێ گیـراوە.

**ڕامـان:** ئیـدی تـەواو، ئەوانـەی باسـت کـردن، شـەش جـارە، حـەوت نییـە.

**حەسەن جاف:** تەواو، حەوت جارە.

**ڕامـان:** ئـەی جارێکـی دیکەیـش لـە دیـداری چیرۆکـی کـوردی لـە هەولێـر ڕێـزت لـێ نـراوە، کـە ئـەوە سـاڵی ١٩٨٢ بـوو، لەگـەڵ حسـێن عـارف و محەمـەد مەولـوود مـەم خـەڵات کرابـووی؟

**حەسەن جاف:** ئەوەم لەبیر نییە.

**ڕامـان:** تـۆ و محەمـەد مەولـوود مـەم و حسـێن عـارف بـوون، کـە پێکـەوە خـەڵات کـران و لـە ڕۆژنامـەی (هـاوکاری)دا بـە وێنـەی هـەر سـێکتانەوە هەواڵـی ڕێزلێنانەکەتـان بڵاوکرایـەوە، ئەوجـارەش ڕێـزت لـێ نـراوە، ئـەو کاتـە دیـداری چیرۆکـی کـوردی، لـە هەولێـر کـرا؟

**حەسەن جاف:** وەڵاهی ئەمەم لەبیر نییە.

**ڕامـان:** دیداری چیرۆکی کوردی ساڵی ١٩٨٢، لێـرە لـە هەولێـر سـاز کـرا، کـە ئەمینداریەتـی گشـتیی ڕۆشـنبیریی و لاوان ڕێکـی خسـتبوو؟

**حەسەن جاف:** ساڵی ١٩٨٢ بوو؟

**ڕامـان:** بەڵـێ، ئەوجـا لـەو دیدارەدا کۆمەڵێـک بـاس و لێکۆڵینـەوە پێشـکەش کـران، کۆمەڵـێ چیـرۆک خوێندرانـەوە؟

**حەسەن جاف:** ئەوە پێش ڕاپەڕین بوو.

**ڕامـان:** تـۆ دەڵێی پێش ڕاپەڕیـن خـەڵات نەکراوم، منیش ئەوەیانم بەبیـرت هێنایەوە.

**حەسـەن جـاف:** دەی بەسـەری تـۆ و بـە گـۆڕی باوکـم لەبیـرم نییـە.

**ڕامان:** دەی قەی ناکا، جا سوێندی پێ ناوێ.

**حەسـەن جـاف:** ئاخـر مەبەسـتم ئـەو کەسـەی شـتەکان دەخوێنێتـەوە، پێـی وانەبـێ موزایـەدە دەکـەم.

**ڕامـان:** ئێمـە بەدواداچوونـی ڕۆژنامەوانـی دەکەیـن، دوایـی ئێـرە مینبەرێکـە بـۆ ئـەوەی بـۆ مێـژوو ڕوونکردنـەوە بدەیـن.

**حەسـەن جـاف:** خۆزگـە دوایـی بـە تەواوەتـی ئـەوەت بـۆم بنووسـیبایە و پێمـت بدایـە.

**ڕامـان:** بەسـەرچاو، خەڵاتـی ڕۆمـان و نۆڤلێتـی ئەنفالیـش خـۆم سـەرۆکی ئـەو لیژنەیـە بـووم، کارێکمـان کـرد کـە لەوانەیـە خـراپ نەبووبـێ.. تـۆ لـە بـواری ڕۆژنامەوانیـدا ئـەو پاشـاگەردانی و زۆری و بۆرییـە چـۆن تێدەگـەی؟

**حەسەن جاف:** وەک چی؟

**ڕامـان:** ئێسـتا خـۆت بەباشـی ئـاگات لێیـە، بەتایبەتـی لـە پـاش ڕاپەڕینـەوە، بـە حوکمـی هەبوونـی ئـەو فـەزا ئـازادە و پـارەش هەیـە، ئـەوەی هەڵدەسـتێ دەبـێ بـە سەرنووسـەر و خـۆی بـە ڕۆژنامەنـووس نـاو دەبـات، تەنانـەت وای لـێ هاتـووە، خەڵـک بـە نووسـەر (محـرر) و ڕۆژنامەنووسـێکی هاکەزایـی ڕازی نییـە؟

**حەسـەن جـاف:** بەداخـەوە ئێمـە زۆر بەخراپـی ئـازادی بـەکار دێنیـن، قسـەی جەنابـت ڕاسـتە، پاشـاگەردانییەکی بێتـام هەیـە. ئێسـتا ئەگـەر باسـی هەنـدێ شـت بکـەی، لەوانەیـە دوو سـێ مـەلا لـە مینبـەری مزگەوتەکانـەوە قسـەت پـێ بڵێـن، کەچـی گۆڤاریـش دەدەرچـێ باسـی ئافـرەت و سـێکس و ئـەم جـۆرە شـتانە دەکات.

**ڕامـان:** بۆچـی هەبوونـی گۆڤـاری تایبـەت بـە ئافرەتـان و بڵاوکردنـەوەی هۆشـیاری سێکسـی بـە بـاش نازانـی؟

**حەسـەن جـاف:** مـن ناڵێـم ئەوانە پێویسـت نیـن، بـەڵام بابەتـی ئەمـڕۆی ئێمـە نیـن، هیـی قۆناغـی ئەمڕۆی ئێمـە نیـن، کـە قۆناغـی ڕزگاریـی نەتەوەیـی و نیشـتمانییە، یـان هـەر هیـچ نەبـێ پێویسـتە نووسـینەکانم لـە خزمـەت ئـەو مەبەسـتەدا بێـت، نەک ئـەوەی مـن دانیشـم گۆڤـاری پـڕ لـە قسـەی هەلـەق مەلـەق و نابەجـێ و ئەمانـە دەرکـەم. زۆر بەداخـەوە، ئێمـە خـراپ لـە ئـازادی، خـراپ لـە دیموکراتییـەت گەیشـتووین. دەبـێ ئێمـە تـا ڕادەیـەک شـتەکانمان ئاراسـتەکراو و پاسـاوهەڵگر بـن، نـەک بەنـاوی ئازادییـەوە بەرەڵڵایـی بێـت، پاسـاوهەڵگریش، بـە مانـای چاودێـری و سانسـۆر و ئەوانـە ناڵێـم.

**ڕامـان:** کەواتـە بـەو مانایـەی تـۆ باسـی دەکـەی، بارودۆخـی ڕۆژنامەگەریـی کوردیـت بـەلاوە پەسـند نییە ؟

**حەسەن جاف:** وەڵاهی زۆریم لەلا پەسند نییە.

**ڕامان:** ئەی هیچ دیاردەیەکی گەش و جوان لەناو ئەو ڕۆژنامەنووسییەدا نابینی؟

**حەسەن جاف:** کاتی خۆی نووسیشم، بەڕاستی ستایش و ڕووبینی تۆ ناکەم، ئەوەی کە من لەبیرم بێت و زۆر بەلامەوە بەڕێز بێت، گۆڤاری ڕۆژی نوێ، کە کاتی خۆی دەردەچوو، لەگەڵ گۆڤاری ڕامان، وەک گۆڤارێکی ڕووناکبیریی سەنگین، عەرەب دەڵێ «متزن»، شتی هەڵەتوپەڵەت و جنێو و سووکایەتیکردن و ئەمانەی تێدا نییە. ئەو گۆڤارانەی دیکە دەخوێنمەوە، یان کە جاروبار دەستم دەکەون و تەماشایان دەکەم، بە دڵم نین، تەنانەت گۆڤاری (نووسەری کورد)یش، نەک هیی هەولێر، هیی کەرکووک و سلێمانیش، پێم خۆشە شتێکی باش بێت، پێم خۆشە بوارێک بێت بۆ ناساندنی ئەدەب و ڕۆشنبیریی کوردی بە خەڵک و بە گەنجی ئێستا، هەرچەند ئێستا خەڵک زیاتر خووی داوەتە ئینتەرنێت و لاپتۆپ و ئەو جۆرە شتانە، خوێندنەوەی کتێب زۆر کەم بووە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە دەبێ واز بێنین.

**ڕامان:** تۆ پێت وایە ئینتەرنێت و مۆبایل قازانجیان بە ڕۆشنبیریی خوێندەواری کورد، یان زیانی پێ گەیاندوون؟

**حەسەن جاف:** پێم وایە خراپی بەکار دێنین. جنێوی تێدایە، من یەک نموونەت بۆ دێنمەوە، وابزانم لە فەیسبووک بوو، پار و پێرار، کەسێک بەناوی منەوە شتی ناشیرینی لەسەر پارتی و لەسەر جەنابی کاک مەسعوود بارزانی و ئەو شتانە نووسیبوو.

**ڕامان:** دوای ئەوەی لەو نووسینە ئاگادار کرایتەوە ڕوونکردنەوەت نووسی؟

**حەسەن جاف:** ڕوونکردنەوەیەکم نووسی و بردم بۆ ڕۆژنامەی خەبات. گوتم ئاگام لەم نووسینە نییە. من ئەگەر وتار بنووسم بە ئاشکرا و بەناوی خۆمەوە دەنووسم، دوای ئەوە من هەر نازانم لاپتۆپ بەکار بێنم، بەڵام خواهەڵناگرێ، لەبیرم نییە کێ بوو، بەداخەوە بیرم زۆر خراپە، گوتی مامۆستا حەسەن ئێمە دەزانین ئەوە تۆ نیت، لەبەر ئەوە پێویست بە ڕوونکردنەوەش ناکات، ئێمە ئەوە دەزانین و دەتناسین.

**ڕامان:** بەڵام بڵاوکردنەوەی ڕوونکردنەوەکە پێویست بوو، چونکە مەسەلەکە هەر ئەمڕۆ نییە، بۆ داهاتوو پێویست بوو ئەوەی نووسیبووت بڵاوبکرێتەوە؟

**حەسەن جاف:** فەیسبووک بووەتە ئامرازێک بۆ خەڵک تووشکردن و بەناوی ئەم و ئەوەوە جنێوی ناشیرین دەدەن، لە فەیسبووک و لەم لا و لەو لادا سووکایەتی بە خەڵک دەکەن.

**ڕامان:** ئەوەندەی دیتوومانە لە ڕۆژنامەگەریی کوردیدا، زۆر جار دەمەقاڵە و شەڕەدەنووک و بەیەکتر هەڵشاخان و تۆمەت بەشینەوە و کۆمەڵێک لەو شتانە ڕوویان داوە، تۆ هیچ جارێک لەو بابەتانەوە گلاوی؟

**حەسەن جاف:** من هەر لەگەڵ غەفوور ساڵح عەبدوڵڵا تووشی ئەو وەڵام و وەڵامکارییە بووم، ئەو شتێکی نووسیبوو، لە ڕۆژنامەی هەواڵ وەڵامی دامەوە، منیش وەڵامم دایەوە، کاک ئازاد بەڕاستی بەڕاستی من مەبەستم هیچ نەبوو، بەڵام ئەو کابرایە لەسەر بەرگی ڕۆمانەکەی نووسیبوو ئەمە یەکەم ڕۆمانمە و لەمەوپێش ڕۆمانم نەنووسیوە، منیش بۆم نووسی تۆ ڕۆمانێکت بۆ قادسیە نووسیوە، بۆچی ئینکاری دەکەی، دوو هەزار دینار پاداشتیشت وەرگرت، قەی چی دەکات، زۆر کەس هەن و نووسیویانە، ئیدی لەوەوە کەوتە قسەی ناشیرین و ئەمانە و منیش وەڵامم دایەوە.

**ڕامان:** هەر ئەو جارە تووشی ئەو وەڵامم و

وەڵامکارییە بووی؟

**حەسەن جاف:** وابزانم هەر ئەوە بوو، ئیتر تووشی شتی دیکە نەبووم، ئەمەی دوایی نەبێ لەگەڵ یەکێتیی نووسەران لقی هەولێر، ئەویش وەڵامم نەدایەوە و وازم لێ هێنا.

**ڕامان:** ئەوەیان لەسەر چی بوو؟

**حەسەن جاف:** ئەوەی کەوا قسەیەکیان لەسەر زاری منەوە گوتبوو، کە ئەویش من نەمگوتبوو، من لەگەڵ ڕەسووڵ سوڵتانی لە دەزگای موکریانی پێکەوەین، قسەمان دەکرد، ئەو وتاری نووسیبوو، ئیدی ئەوە بوو ئەو ڕوونکردنەوەیان لەسەر ئەو وتارە نووسی و کۆمەڵێک شتیان نووسیبوو، ماڵیان ئاوا بێ هەر ئەوەیان نەنووسیبوو کە من جاروبار دەچمە نووسەران ئاو و چایەک دەخۆمەوە، باش بوو ئەوەشیان لەسەرم نەکردبوو بە ماڵ، ئیدی ویستم وەڵام بدەمەوە، دوایی وازم هێنا و گوتم پێویست ناکات، تاقەتی ئەم مشتومڕ و گەنگەشەیەم نییە، من وەڵام بدەمەوە و ئەوان وەڵامم بدەنەوە، نەخێر هەر وازم لێ هێنا.

**ڕامان:** تۆ لە ساڵی چەندەوە هەوڵت دا بە کوردی بنووسی، سەرچاوەکانی خۆفێرکردنی زمانی کوردیت لە کوێوە دەستی پێکرد؟

**حەسەن جاف:** پێشتر باسم کرد من بە زمانی عەرەبی دەمنووسی، برادەرێک پێی گوتم، عەرەب زۆرن و نووسەریان زۆرە، تۆش خۆت کوردی و هەق وایە بە کوردی بنووسی، ئیدی دەستم بە کوردیخوێندنەوە کرد، گۆڤاری ڕۆژی نوێ و گۆڤاری هیوا و گەلاوێژ، ئەمانەم هەموویان هەیە، تەنانەت ئیندێکسێکیشم بۆ ژمارەکانی گۆڤاری گەلاوێژ کردووە.

**ڕامان:** ئەوە لەبیرمە کاتی خۆی، لە سەرەتای ساڵانی هەشتاکان، (سەباح غالب)یش ئیندێکسی بۆ ژمارەکانی گۆڤاری گەلاوێژ کردبوو.

**حەسەن جاف:** بەیەکەوە کردمان، باش بوو باست کرد.

**ڕامان:** من ئاگام لێبوو، کە لە کتێبخانەی زانکۆی سلێمانی بوو، لە بەشی گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا (دوریات) هەموو ژمارەکانی ئەو گۆڤارەیان هەبوو.

**حەسەن جاف:** ئەوە من و سەباح غالب بە یەکەوە کردمان، ئێستاش لەلامە، ئیدی لەوەوە دەستم بە خوێندنەوە کرد.

**ڕامان:** دەی باشە، بۆچی ئەو ئیندێکسە چاپ ناکەن؟

**حەسەن جاف:** پارەم نییە، بەچی چاپی بکەم؟

**ڕامان:** چ زۆرە، دامودەزگای چاپکردن زۆرن؟

**حەسەن جاف:** جارێ با بزانم چۆن دەبێت، دەبێ جارێکی دیکە پێیدا بچمەوە.

**ڕامان:** باوەڕ ناکەم بۆ چاپکردنەکەی پەک بکەوێ.

**حەسەن جاف:** نا، دەبێ پێیدا بچمەوە، ئەوجا ڕۆژنامە کوردییەکانی ئەوسا، وەک برایەتی و هاوکاری و «صوت الاکراد» دەنگی کورد، کە بە عەرەبی بوو، ئیدی ئەو جۆرە شتانەم دەخوێندەوە.

**ڕامان:** مەبەستم ئەوەیە پێت بڵێم: تۆ ئێستا تا چ ڕادەیەک لە کوردییەکەی خۆت ڕازیت؟

**حەسەن جاف:** من ئێستا ئەوەندەی پێم بکرێت، هەوڵ دەدەم وشە و زاراوەی بێگانە بەکار نەهێنم، ئەگەر زۆر زۆریش ناچار بووم، دەیخەمە بەینی دوو کەوانەوە، لەبەر ئەوە لە کوردییەکەی خۆم ڕازیم، ناڵێم باشم، لەوانەیە خەڵکێک ڕەخنەی لە شێوازی نووسینەکانم هەبێ، بەڵام خۆم لێی ڕازیم.

**ڕامان:** گرفتێک لەلای نووسەرانی کورد هەیە، ئەویش ئەوەیە بە گشتی نووسەر کورد وایە، بۆ

نموونە ئەو کوردییەی کە تۆ ١٠ ساڵ لەمەوبەر پێت نووسیوە، ئەگەر لەگەڵ ئەو کوردییەی ئێستا پێی دەنووسی بەراوردی بکەی، دەبینی جیاوازییەکی زۆری نییە، ئەوەش بەڵگەی ئەوەیە کە نووسەری کورد، من بەشێوەیەکی گشتی باس دەکەم، کەمتر خەمخۆر و پەرۆشی ئەوەیە زمانەکەی خۆی پەرە پێ بدات و پێشی بخات و لە ڕەوتی پێشخستنی ئەو زمانەی خۆیەوە، خزمەت بە زمانی کوردی بکات؟

**حەسەن جاف:** باش بوو ئاماژەت بەو لایەنە کرد، من دوو سێ وتارم لەو بارەیەوە نووسیوە، ئێستا بۆ نموونە، ئێمە لە زمانی کوردیدا «چالاک»مان هەیە، کەچی «ئەکتیڤ» بەکار دێنن، ئێمە لە کوردیدا «لەبری»مان هەیە، «لەباتی»مان هەیە، کەچی «ئەڵتەرناتیڤ»م بۆ بەکار دێنن، واتە وشەی بێگانە بەکار دێنن.

**ڕامان:**، یان ئەمڕۆ ئەم دەردی «زەواجی کرد»ـە بڵاو بووەتەوە.

**حەسەن جاف:** بەڵێ «زەواجی کرد»، ناڵێ «ژنی هێنا». ئەوە لەو بارەیەشەوە وتارێکم نووسی، پاشگری «کەر»، وەک «ئیشکەر»، «نانکەر»، لایانبردووە و کردوویانە بە «ئیشکار» و «نانکار» و «باسکار»!، ئەو «کەر»ە لێرە ئاوەڵناو نییە، ئەوە پاشگرە. دوای ئەوە قەت کورد ناڵێ ئیشکار و نانکار.

**ڕامان:** ئاخر بۆ ئەو وشەی «باسکار»ـە، هەر ناوی گۆڤارێک بوو، سەباح غالب لە لەندەن دەری دەکرد، بۆیە «باسکار» جیاوازی هەیە، ناوی بکەرە بۆ ئەو کەسانەی کاریان باس نووسینە.

**حەسەن جاف:** ئەوە وشەیەک بوو بە دەممدا هات، بەڵام ئەوانی تر، وەک «مارکێت»، باشە خۆ «بازاڕ» عەرەبی نییە. «بازاڕ» وشەیەکی لاتینییە، کەچی قتعەی هەولێر و کەرکووک و هەمووی، لە سەدا نەوەدی کوردی نییە. بڕوا بکە ئەوە شوان داوودی ماوە، لە مانشێتێکی ڕۆژنامەی هەواڵ، پێم گوت من یەکەم نووسینم ساڵی ١٩٦٤ بڵاو بووەوە، ئەوە نزیکەی بۆ ٥٠ ساڵ دەچێت دەنووسم، گوتم من نازانم ئەم مانشێتەی ڕۆژنامەکەت چییە! دەی کە من پەنجا ساڵ خەریکی نووسین بم، نەیزانم و سەرم لێ بشێوێنی، ئەی گەنجی بەستەزمان چۆنی تێبگات؟

**ڕامان:** ئەی ئەو بەزمی «شووشتنگە» و «پەڕاوگە» و «سەربڕگە»و «بازاڕگە»، ئەوانە چۆن دەبینی؟

**حەسەن جاف:** ئەوانە زۆر زۆرن، ئەی تۆ «شیرنەمەنی» بۆ ناڵێی؟ توخوا کورد قەت گوتوویەتی شیرنەمەنی؟ بەهەرحاڵ، هەرچەندە زمانی یەکگرتوو پێوەندی بە بڕیاری دەسەڵاتەوە هەیە، ئەوە دەبێ حکوومەت بیسەپێنێت، ئیدی تۆ پێت خۆش بێت، یان پێت ناخۆش بێت.

**ڕامان:** ئاخر گرفتەکە ئەوەیە، ئەوانەی کە زانای زمانن، یان ئەوانەی کە بایەخ بە زمان دەدەن، ئێستا هەموویان کۆبکەرەوە، دەبینی هیچیان بە ڕەی ئەوی دیکەیان ناپێوێت، کەس دانی خێر بەوی دیکەدا دانانێت، بۆیە هەرکەس خۆی پێ ڕاستە، پرۆژەیەک ناهێنن کۆدەنگی لەسەر بێ، کە بیروڕا و بۆچوونی هەموو زمانەوانەکانی کورد بێت، بۆ ئەوەی سەرکردایەتیی سیاسی بیکات بە بڕیار، نە لە ڕووی ڕێنووسەوە، نە لە ڕووی زمانی ستانداردەوە، پرۆژەیەکی گشتگیر لە گۆڕێ نییە، ئەوە گرفتەکەیە؟

**حەسەن جاف:** ئێستا سەرکردایەتیی سیاسی ناتوانێت ئەمە بکات، چونکە جیاوازییەکی زۆر لە نێوانیاندا هەیە، ئێستا تۆ لە هەموو دەڤەری بادینانـدا قتعەیەک بە کرمانجی ناوەند نابینی، کاتێ لە کۆڕی زانیاریی بەغدا، دەستەی کورد،

ڕێنووسی کوردییان دانا.

**ڕامان:** ئەو کاتە، لە هەشتاکان من لەو کۆبوونەوەیەدا ئامادە بووم، لەوێش کاری سەیروسەمەرە ڕووی دا.

**حەسەن جاف:** منیش لەوێ بووم، ئەو ڕۆژە لەلای دوکتۆر نووری تاڵەبانی بووم، نامیلکەیەکی لەسەر ڕێنووسی یەکگرتووی کوردی دامێ، ئەم هەوڵانە دراون. مامۆستا عولەما، عەبدولڕەحمانی زەبیحی، فەرهەنگێکی زۆر نایابی هەبوو، (ئەلف) و (بێ)یەکەی لێ چاپ کرد، دوای ئەوەی شوێنبزریان کرد و کوشتیان، دایرەی ئەمن هەموو بەرگەکانی دیکەی برد و فەوتاندی، ئەوە مانای وایە هەوڵ دراوە، بەڵام هەوڵەکان کەمن. ئێستا پێویستە حکوومەت، یان هەرلایەنێک لیژنەیەک لە کۆمەڵێک زمانزانی هەموو شێوەزارەکان دابنێ.

**ڕامان:** لە هەمووی گرنگتر لەو فەرهەنگەی (زەبیحی)دا ئەوە بوو کە وشەکانی خستووەتە ناو ڕستەوە.

**حەسەن جاف:** بەڵێ، ئەگەر ئەوە بکرێت لەو پاشاگەردانییە ڕزگارمان دەبێت.

**ڕامان:** بەدواداچوونی ڕەخنەگرانەش لە زماندا نییە، ئەوەش یەکێک لە هۆکارەکانە، ئەگەر خوێندنەوەی ڕەخنەگرانە هەبێت و گەرماوگەرم کە لە شوێنێکدا هەڵەیەک دەکرێت، یان شتێکی زەق بەرانبەر بە زمانی کوردی دەبینرێ، چەند نووسەرێک لێی بەدەنگ بێن و بڵێن ئەوە هەڵەیە و نابێ دووبارە بکرێتەوە. لەو باوەڕەدام کە ئەو هەڵەیەش گشتگیر نابێ و لە جێی خۆی دەپووکێتەوە.

**حەسەن جاف:** من سێ چوار وتارم نووسی، بەڵام هەر هیچکەس ئاوڕی لێ نەدانەوە.

**ڕامان:** بەڵێ، بەداخەوە خوێندنەوەی زمانەوانی و ڕەخنەی زمانەوانیشمان نییە، ئێستا بێجگە لەوە، کێشەیەکی دیکەشمان هەیە، بە هۆی ئەو بارودۆخەی ئێستاوە کە دنیا بچووک بووەتەوە و وەک گوندێکی لێهاتووە، زاراوەی تەکنۆلۆجیایی و زاراوەی فیکری و فەلسەفی و ڕەخنەیی و زانستی و چی و چی بەردەوام شتی نوێ دێنە پێشەوە، کوردیش بەو خەمساردییەی خۆیەوە، فریای ئەوە ناکەوێ دەزگایەکی زانستی هەبێت و بە بەردەوامی ئەو زاراوانە بکات بە کوردی، بۆیە هەرکەسێک لە شوێنی خۆیەوە هەڵدەستێ زاراوە دادەتاشێ و دەیکات بە کوردی، ئەوەش پاشاگەردانی و بەزمێکی تری بۆمان دروست کردووە، ئێمە کە لە گۆڤاری (ڕامان)دا کاری ڕۆشنبیری دەکەین، دەبینین لە بواری ڕەخنە و تیۆریی ئەدەبی و فەلسەفە و هزردا، جاری وایە یەک زاراوە، بە چەند جۆرێک کراوەتە کوردی و دێتە بەردەستمان، ئێمە هەوڵماندداوە کامەی لە ڕاستییەوە نزیکە و زیاتر پەسند دەکرێ و لە مەنتیقەوە نزیکترە، ئەوەیان پێڕەو دەکەین و دەیگشتێنین، ئەوانی دیکەمان بەلاوە ناوە، بۆیە سەیر دەکەی لەو ڕووەشەوە پاشاگەردانییەک هەیە، تۆ بۆ ئەمەیان دەڵێی چی؟

**حەسەن جاف:** ڕاستە، ئێستا زۆر گۆڤار هەن، بڕوا بکە کە دەیانخوێنیتەوە، نازانی دەڵێن چی. ناڵێم هەموو گۆڤارەکە وایە، هەندێک لە وتارەکانی وان. ئێمە گرفتمان بەرانبەر بەو وشانە هەیە، من ناڵێم نیمانە و ناڵێم هەموو شتێکیشمان هەیە، بەڵام وەک جەنابت دەڵێی دەکرێ لیژنەیەک دابنێن، دوو سێ مامۆستا بیکات بە کوردی کە لە ماناکەوە نزیک بێت. ئێستا عەرەب بۆ تەلەفزیۆن «الأذاعة المرئية»، یان «الأذاعة المسموعة»یان بۆ ڕادیۆ داناوە، هەرچەند خۆ کەس بەکاری ناهێنێ، بەڵام هەیە.